گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper15

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 19/09/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 26/11/2023
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: **29/06/2025**

# هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق (1976-1979)

**ئومید یاسین رسول[١] - محمد عبدالله کاکەسور[٢]**
makakasur@yahoo.com - omeedyaseen@gmail.com
[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975دا، زۆر کەس بڕوایان وابو کۆتایی بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد هاتوە، بەڵام جارێکی تر کورد هەڵسایەوە سەرپێ و چەند حزبێکی نوێ دەرکەوتن و مێژوی کورد پێینایە قۆناغێکی نوێ و کورد دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە، سوریا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەو هەڵسانەوەیە لەربەرئەوەی بوە پەناگە و شوێنی خۆسازدان و خۆڕێکخستنەوە و پردی پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، هەروەها لیبیاش هاوکارییەکی زۆری دارایی و سەربازی پێشکەش بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کرد، جگەلەوە پشتگیری و هاوسۆزی لایەنە فەلەستینییەکانیش بۆ کورد گرنگی تایبەتی خۆی هەبو، هەروەها پەیوەندییە دەرکییەکانی حزب و لایەنەکانی کورد، خەسڵەتێکی دیاری ئەم قۆناغە گرنگەیە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە تیشك دەخاتە سەر هەڵوێستی ئەو وڵات و لایەن عەرەبییانەی کە ڕۆڵیان بینی لە هەڵسانەوەی کورد لەم قۆناغەدا، دەکرێت بڵێین لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتوینەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر وڵاتی سوریا و لیبیا نەبونایە، کورد لەو قۆناغە پڕ بێ هیوایەدا، نەیدەتوانی جارێکی تر وا بە ئاسانی هەڵسێتەوە و دەست بە خەباتی چەکداری بکاتەوە.

**کلیلە وشەکان:** کورد، سوریا، لیبیا، هەڵوێست، بزوتنەوە

# The Reaction of Arab Countries Towards the Kurdish National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan (1976-1979)

**Omeed Yaseen Rasool[1] - Muhammad Abdullah Kaksawar[2]**

[1+2]Department of History, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Many people thought that the Kurdish national movement had come to an end after the September revolution of 1975, but the Kurds rose up once more, forming a number of new political parties as Kurdish history entered a new era and the armed struggle began. Syria and Libya generously donated money and military support to these parties. Additionally, the Kurds placed a high value on the sympathy and assistance of the Palestinian parties, and this time is especially notable for the strong external contacts of the Kurdish parties. At that point, we can state that at the conclusion of this research, we arrived at the conclusion that Kurds would not have been able to simply rebel and resume hostilities if not for Syria and Libya.

**Keywords:** (Kurds, Syria, Libya, reaction, Gaddafi, Movement)

## پێشەکی:

چوار دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردو لە گرنگترین ساڵانی مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بون، کە تێیدا بە چەند قۆناغێك بە بەرزی و نزمی مێژوی خۆی تێپەڕیوە، بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول دژی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کە چواردە ساڵی خایاند، خەباتی سیاسی و چەکداری نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا دژی وڵاتێکی عەرەبی بو، بۆیە وڵاتانی عەرەبیش لە ئاست ڕوداوەکانی عێراق بێ هەڵوێست نەمانەوە، ئەو هاوکاریی و یارمەتییانەی دەوڵەتانی عەرەبیش جۆرێك لە دانپێدانان بوە بە خەباتی گەلی کورد دژ بە ڕژێمی بەعس لە عێراق.

دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، کەوتە بارودۆخێك کەس ئیرەیی پێنەدەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەند حیزبێکی نوێ لەسەر شانۆی کوردستان دەرکەوتن و کورد جارێکی تر دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە، لە نێو دەوڵەتانی عەرەبی سوریا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە یارمەتیدانی کورد، بە جۆرێك ئەگەر سوریا نەبوایە کورد بە ئاسانی نەیدەتوانی جارێکی تر دەستبداتەوە خەباتی چەکداری.

لەم توێژینەوەیەدا ڕوداوەکانی دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر باس دەکرێت، توێژەر لەم قۆناغەدا زیاتر سەرنجی لە سەر سوریا و لیبیایە لەگەڵ گرنگیدان بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەڵەستینییەکان، هەروەها لەم قۆناغەدا چەند حزبێکی سیاسی و چەکداری کوردی دەرکەوتون، بەڵام توێژەر تەنیا گرنگی بەوانە دەدات، کە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان هەبوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم بابەتە تا ئێستا وەك پێویست لەلایەن توێژەران ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، چونکە دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی عەرەبییە، بۆیە هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد گرنگ بو، لەبەرئەوە پێویستە هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بایەخ و گرنگی زیاتری پێبدرێت، هەمو ئەمانەش توێژەری هاندا، بۆ نوسینی ئەم بابەتە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوە زانســتییەدا توێژەر هەوڵیداوە ڕۆڵی چەند وڵاتێکی عەرەبی لە بەرامبەر دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق دەربخات و نەوەی ئێستا و داهاتو بەم قۆناغە مێژوییە گرنگە ئاشنا بکات، گرنگی بەتایبەتی بە ڕۆڵی ســوریا و لیبیا و لایەنە فەڵەســتینییەکان دراوە، چونکە ئەمانە ڕۆڵی گەورەیان لە هاوکاری و یارمەتیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەم قۆناغەدا هەبوە.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:** بۆچی حکومەتی سوریا یارمەتی کوردیدا؟ یارمەتی و هاوکارییەکانی لیبیا بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد چی بون؟ لایەنە فەڵەستینییەکان لەم قۆناغەدا چۆن هاوکاری کوردیان کرد؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر پشــتی بە ڕێبازی توێژینەوەی زانســتی وەســفی لە بواری مێژودا و بە یەکدواداهاتی ڕوداوەکان، هەروەها ڕێبازی ڕەخنەیی و شیکاریکردن لە کاتی پێویستدا بەستوە.

**ناوەڕۆك:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشــەکی و دەروازە و چوار تەوەری ســەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باسی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شۆڕشی نوێ لەم قۆناغە کراوە و هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی بەدیارخراوە، تەوەری دوەم تایبەتە بە پارتی دیموکراتی کوردستان (ســەرکردایەتی کاتی)، کە باس لە هەڵوێســت و پەیوەندی وڵاتە عەرەبییەکان بەرامبەر بەو پارتە کراوە، تەوەری سێیەم باسی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست و پەیوەندی و هەڵوێستی وڵاتە عەرەبییەکان بەرامبەر ئەو پارتە خراوەتە بەرباس. لە تەوەری چوارەم گرنگی دراوە بە حزبی شــیوعی و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەوانەش سوریا و لایەنە فەلەستینییەکان و لوبنان و یەمەنی دیموکراتی.

لەم توێژینەوەیەدا پشـــت بە چەند ســەرچاوەی جۆراوجۆر: لە بەڵگەنامە و پەرتوك و توێژینەوە و بیرەوەری و چاوپێکەوتن و ڕۆژنامەکان، بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی بەستراوە، هەندێك لە نوسەرانی ئەو پەرتوکانە خۆیان کاراکتەری ناو ڕوداوەکان بونە، وەك کتێبی مســعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1975-1990، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، کتێبی نەوشیروان مستەفا ئامین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ، هەروەها سەڵاح ڕەشید، دیداری تەمەن، بەرگی دوەم گرنگی تایبەتی خۆی هەبوە، جگەلەوە سود لە کتێبی ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەگیراوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن باسی پەیوەندی سۆسیالیست بە وڵاتانی عەرەبی دەکات، هەروەها توێژینەوەکانی سەروەر عەبدولرەحمان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان 1975-1976 و ژیلوان عبداللە هەڵەدنی، حیزبی شیوعی عێراق و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا (1975-1991)، گرنگن هەرچەندە هیچ باسێك یان بەشێك لەو توێژینەوانە تەرخان نەکراوە بۆ پەیوەندی و هەڵوێســتی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر پرسی کورد لە کوردســتانی عێراقدا، بەڵام توێژەر لەم توێژینەوەیەدا قوڵبۆتەوە بۆ گرنگیدان بە پەیوەندی هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی، کە ئەوکات هەڵوێستیان هەبوە، لە کۆتاییدا هیچ کارێك بە بێ کەم و کورتی نابێت.

### ڕۆڵی وڵاتە عەرەبییەکان لە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری کورد لە کوردستانی عێراقدا 1976-1979:

**دەروازە:** ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975دا کاریگەری و بۆشاییەکی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسی کورددا دروست کرد و ئەو پەیوەندییەی جاران هەمو چین و ئاراســتە فیکری و ســیاســییە جیاوازانەی، کە لە ژێر ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببونەوە نەما، بەڵام زۆری نەخایاند کورد دەستی بە ڕێکخستنی ڕیزەکانی کردەوە، چەند حزبێکی نوێ لەسەر شانۆی سیاسی کوردستانی عێراق دروست بون (عیسی، 1992، 244؛ ئینتیسار، 2004، 268).

ڕێککەوتننامەی جەزائیر و کۆتایی هاتنی شــۆڕشی ئەیلول گورزێکی گەورە بو بەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەوت، هەروەها کۆتایی قۆناغێك و سەرەتای قۆناغێکی تر بو لە خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانی عێراق (حاجی، 2018، 223)، ڕەوشێکی ناهەموار و دژوار هاتە ئاراوە و نائومێدی باڵی بەسەر چین و توێژەکاندا کێشابو، تا ئەو ڕادەیەی زۆرینەی کەسانی سەربازی و سیاسییەکانی ناو شۆڕش ورەیان بەردابو تەنانەت گەیشتبونە ئەو باوەڕەی جارێکی تر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرهەڵناداتەوە، (محەمەدئەمین، 2014، 63).

هەر لەسەر ئەو بێ ئومێدیەی لەو ڕۆژگارەدا باڵی بەسەر کورددا کێشابو، سەدام حوسێن لە گفتوگۆی لەبارەی جەلال تاڵەبانی بە جۆرج حەبەش سکرتێری گشتی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستینی گوتبو: "جەلال دارخورما لە سەری ئەروی، بەڵام جارێکی تر ناتوانی حەوت کەس بنێریتە شاخ" (وەرگیراوە لە ئەمین، 2014، 93). نەبونی دەرفەت لەبەردەم هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ئێران بە هۆی ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق، پاڵنەر بو بۆ ئەوەی بەشێك لەو کار ئەکتەرانەی ناو شۆڕش ڕو لە سوریا بکەن، وەلێ لە سەرەتادا ئەوانەی ڕویان کردە سوریا سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبون، بەڵکو تەنیا ئامانجیان دەستپێکردنەوەی شۆڕش بو (حمدئەمین، 2022، 20).

دەستپێکردنەوەی شۆڕش، سەرەتای قۆناغێکی تازە بو لە خەباتی سیاسی، کە تێیدا ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران، ئەو پارت و ڕێکخراوانە لەوە گەیشتبون، کە کاریگەری و هێز و توانای هەر لایەنێکی سیاسی بە تەنیا پێوانە ناکرێت، بۆیە هێزی ڕاستەقینەی هەر لایەنێکی سیاسی بریتییە لە هێزی خۆی و هێزی دۆستەکانی پێکەوە، ئیدی لە بازنەی ئەو مەسەلەیەدا، بۆ گەورەکردن و بەهێزکردنی تواناکانی خۆیان و لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و سوریا، کەوتنە پەیوەندی گرتن لەگەڵ سوریادا، (حمدئەمین، 2022، 21-22).

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر چەند حزبێکی نوێ لەسەر شانۆی سیاسی کوردستان دەرکەوتن و هەندێکیان پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ هێز و لایەن و وڵاتانی عەرەبی هەبو:

**تەوەری یەکەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ی ن ك):**

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بۆ ماوەیەك کۆتایی بە بزوتنەوەی چەکداری کورد دێت، بەڵام زۆری پێناچێت خەباتی کورد سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە چەند حزبێکی نوێ دەردەکەون لەوانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، وەك دەردەکەوێت جەلال تاڵەبانی ڕۆڵێکی کارا لەناو یەکێتی و لەهەمان کاتدا لە گرێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵات و هێز و لایەنەکان دەگێڕێت، بۆیە لەم سۆنگەیەوە باسی ڕۆڵی تاڵەبانی و هەڵوێستی وڵاتانی سوریا و لیبیا و لایەنە فەلەستینی و پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ هێز و لایەنکانی عەرەبی باس دەکەین.

- **سوریا:** گەلی کورد لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975دا، لە ڕوی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتاندا بێ پشتیوان مابوەوە، حکومەتی عێراق دەستی کردبو بە سەرکوتکردنی کورد، وڵاتانی جیهانیش هەرچەندە لافی سۆسیالیزم و دیموکراسییان لێدەدا، عێراقیان پڕ چەك دەکرد و کوردیان بەهۆی بەرژەوەندییەکانی جەنگی سارد فەرامۆش کردبو، دەوڵەتانی ناوچەکە کە هاوکاری کوردیان دەکرد زۆر کەم بون، سوریا یەکێ لەو دەوڵەتانە بو، لەبەر ناکۆکییە سیاسییەکانی ناوچەکە و دوژمنایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەعس لە عێراقدا، پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی دەکرد، ئەم یارمەتییەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە سوریا و عێراق ناکۆکی ئایدۆلۆژی لە نێوانیاندا هەردو باڵی حزبی بەعسی سوری و عێراقیدا هەبو، هەروەها ناکۆکی زۆر توند لە نێوان سەدام حوسێن(1937-2006) و حافز ئەسەد(1930-2000) سەرۆکی سوریادا هەبو، ژمارەیەك لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی- سوری چوبونە عێراق پەنابەر بون، سەرباری ئەمانە لە سەر پرسی فەلەستین و ڕێککەوتننامەی جەزائیریش جیاوازی و بۆچونی گەورەیان هەبو، هەروەها لە سەر ئاوی فوراتیش گرفتێکی گەورە لەنێوانیاندا هەبو، لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە سورییەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە ئامادەبون یارمەتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بدەن و جوڵانەوەی کوردیش بەشێك بو لەو ئۆپۆزیسیۆنە (عومەر، 2002، 186-187).

لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەکەمتر لە مانگێك ناکۆکییەکانی سوریا و عێراق قوڵبونەوە و حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی توندی میدیای دژی سوریا دەستپێکرد بە بیانوی بڕینی ئاوی ڕوباری فورات، تاگەیشتە ئاستی کۆکردنەوەی هێزەکانی بۆ ماوەی ساڵێك لە سەر سنوری سوریا (الخرسان، 2001، 229)، ناکۆکی درێژخایەنی حزبی لەنێوان سوریا و عێراق، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش بونی ڕژێمی بەعس لە عێراق، سوریای کردە پەناگەیەکی سەقامگیر و ئارام بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق(یاسین، 2001، 141)، ئاستی پەیوەندییەکانی سوریا و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر وەك ئێران و تورکیا، بە ئاڕاستەیەکی جیاوازتر بەدی دەکرێت، چونکە ناکۆکی و ململانێیەکی توند کەوتبوە نێوان سوریا و عێراق، لێرەدا لەبەرئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد پێویستی

بە جۆرێك لە هاوكاری و هەماهەنگی هەبو، پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان پەیوەندی بەیەكدییەوە دەكەن، ئەمەش بوە دەرفەت، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە دەســـت بخاتە ناو كاروباری بزوتنەوەكە و ئاراســـتەی ڕوداوەكان و پێشـــهاتەكان بە ئامانجەكانی خۆیەوە ببەستێتەوە (وەرگیراوە لە، حمدئەمین، 2022، 25).

هەڵوێسـتی سـوریا تا سـاڵی 1970 هەڵوێسـتێكی خراپ بو بەرامبەر دۆزی كورد لە عێراقدا، بەڵام كاتێك حافز ئەسـەد دوای ئەوەی لە تشرینی دوەمی هەمان ساڵدا دەسـەڵاتی لە سـوریا گرتە دەسـت، گۆڕانكارییەكی ڕیشـەیی و ئەرێنی لە نێوان سـوریا و شـۆڕشی كورد ڕویدا (سـنجاري، 2007، 112-113)، سـوریا لەو كاتەوە تێڕوانینێكی دیكەی بەرامبەر پرسی كورد لە عێراق هەبو، زیاتر بایەخی بە گرێدانی پەیوەندی لەگەڵیدا دەكردەوە، ئەگەرچی هەڵوێســـتی بەرامبەر كوردەكانی ناو ســـوریا گۆڕانكاری ئەوتۆی بەســـەردا نەهاتبو، هۆیەكانی ئەم هەڵوێســـتەی دیمەشـــق-یش دەگەڕێتەوە بۆ ناكۆكییەكان و فشارەكانی بەغدا بۆ سەر دیمەشق و لەلایەكیتر هەستێكی بنەماڵەی فەرمانڕەواشی تێدابوە، كە لە بنەماڵەیەكی عەلەوی و كەمینەیەكی بچوك بون لە ســوریا، ئەمەش وایكردوە هەمیشــە هەســتێكیان هەبێت بەرامبەر پرسی كەمینەكانی دیكە و پشــت پێ بەســتنیان لە بەرامبەر زۆرینەدا، (شــۆڕش، 2002، 42). هەمو ئەو هۆكار و ئەو ناكۆكییانەی لە نێوان عێراق و ســوریا هەبون، زەمینە خۆشــكەربون بۆ ئەوەی ســوریا پێشــوازی لە دامەزراندنی یەكێتی بكات و ئامادەی هاوكاریكردنی بێت.

پەیوەندی ڕاســتەوخۆش لە نێوان هەردولادا لە ڕێگەی بەشــێك لە بەعســییەكانی عێراقەوە بو، كە نەیاری حكومەتی عێراق بون، كەســایەتی ســیاسی و ســەركردەی شــۆڕشی ئەیلول عەلی ســنجاری (1933-2020)، ڕۆڵێكی دیاری بینی لە دروســـتكردنی ئەو پەیوەندییەدا، ئەم پەیوەندییە دوای ڕێككەوتننامەی جەزائیریش بەردەوام بوە، (ســـنجاري، 2007، 112-113)، تێكچونی پەیوەندی نێوان ســـوریا و عێراقیش، دەرفەتێكی بۆ كوردانی عێراق لە ســـوریا و دەرەوەی وڵات ڕەخساند، بۆ ئەوەی كار بۆ پێكهێنانی ڕێكخراوێك بكەن و سەرەتایەكیش بێت بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی چەكداری لە كوردستانی عێراق، (ئیسماعیل، 2011، 86).

هەر لەم چوارچێوەیەدا حافز ئەســەد ســەرۆكی ســوریا بەڵێنی هاوكاری بە جەلال تاڵەبانیدا (1933-2017)1 و ڕێگەیدا چالاكی ســیاسی بنوێنن، ســوریا لە هەمو بوارێكدا هاوكاری زۆری یەكێتی كرد، یارمەتی هەمە جۆر و پشــتگیری ســیاسی و مەعنەوی و یارمەتی پارە و چەكی پێداون، هەمو ئەمانە (ی ن ك) پاڵپشــتی زۆر گرنگ بون، ئەســەد پێی گوتون: "ســوریا وڵاتی خۆتانە و هاوكاریتان دەكەین بۆ ئەوەی هەڵسنەوە" (ڕەشید، ب2، 2019، 38)، ئەم پشتیوانییەی ئەسەد بڕیارێكی مێژوی بو، لەو ڕۆژەوە سـوریا كرا بە بنكە و پەناگە بۆ هەڵسـانەوەی خەبات و شـۆڕشی كورد (ڕەشـید، ب2، 2019، 38؛ خالد، 2005، 96)، لەم بارەیەوە تاڵەبانی دەڵێت: "ســـەرۆك ئەســـەد بۆ ئێمە وەك پزیشـــكێك وابو، كە چارەســـەری نەخۆشێك بكات لە كاتی هەرەسهێناندا" (جريدة شيحان، العدد 555، 10 حزيران 1995). ئەو هاوكارییانەی سوریا لەو قۆناغە ناســك و هەســتیارەدا ڕۆڵێكی گەورە و یەكلاكەرەوەی هەبو لەســەر پرسی كورد، بەتایبەت دوای ڕێككەوتننامەی جەزائیر كە خەریك بو پرسی كورد بكەوێت لە عێراقدا (الخرسان، 2001، 343).

لە 22ی ئایاری 1975 لە چێشـــتخانەی (تولەیتیلە) لە دیمەشـــق، بە ئامادەبونی هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و فوئاد مەعســـوم و عادل موراد(1949-2018) و عەبدولڕەزاق فەیلی(1945-2018) بڕیاری دامەزراندنی یەكێتی نیشـــتمانی كوردســـتان درا ( بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دامەزراندنی (ی ن ك) بڕوانە، عومەر، 2002، 107-128؛ فەوزی، 2011، 152؛ فوئاد، 2000، 23-30)، بەڵام یەكەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ی ن ك) لە 1ی حوزەیرانی 1975دا بڵاوكرایەوە (بڕوانە، یەكەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان)، دەزگاكانی ڕاگەیاندنی سوریا گرنگیان بە دامەزراندنی یەكێتی داوە (ئەمین، 1997، 43). فوئاد مەعصـوم دەڵێت: "لە 25ی گوڵان لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەكانی سـوریا دامەزراندنی (ی ن ك) بڵاوكرایەوە"، (نێروەیی، 2008، 61). لەوانە ڕۆژنامەی( تشرين، الثورة)ی سـوریا، هەروەها لەلایەن زۆرێك لە دەزگا هەواڵییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەكان و میدیای چاپ و دەنگی لە بەیروت بڵاوكرایەوە (الخرســـان، 2001، 316). دواتر (ی ن ك) نوسینگەیان لە دیمەش كردەوە (أوسي، 2008، 58)، لەبەر ئەوەی هەردو حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە ســوریا و عێراق ناكۆك بون زەمینەیەك بۆ یەكێتی دروســت بو (شــێخموس، 2019، 187؛ عبدالخالق، 2014، 118)،

بەو پێیە سـوریا ئاگاداری دامەزراندنی (ی ن ك) بوە، چونکە ڕاگەیاندنەکانی سـوریا گرنگیان بە دامەزراندنی یەکێتی داوە و بەیاننامەکە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی سوریا بڵاوبوەوە.

یەکێتی سوریای کرد بە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خۆڕێکخستن و مەشقپێکردنی هەندێ لە کادر و پێشمەرگەکان و شـوێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و بەیاننامەکانی، لەو بارەوە نەوشـیروان مسـتەفا (1944-2017)، دەڵێت، "ئەگەر دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرســانەوەی شــۆڕش دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، بەســەروەرییەکی گەورە لە مێژوی کورد هەژمار بکرێ، ئەبێ لەو سـەروەرییەدا کورد چاکەی سـوریا و بەتایبەت حافز ئەسـەدی لە بەرچاوبێت" (ئەمین، 1997، 77)، ســوریەکان ڕێگەیان بەوکەســانە دەدا کە لە عێراق و ئێران و تورکیاوە بۆ لای یەکێتی دەچون، جا چ لە ڕێگای فڕۆکەخانەی دیمەشــقەوە بێت یاخود لە ڕێگای وشــکانیەوە بە ســنورەکاندا بە پێ دەچون و پەیوەندییان بە (ی ن ك) دەکرد (عومەر، 2002، 187).

لە بارەی ڕۆڵ و هاوکاری سـوریا بۆ (ی ن ك) تاڵەبانی دەڵێت: "قەد چاکەی سـوریامان لەبیر ناچێتەوە، بەڕاسـتی ئەو سـەردەمە سـوریا نەبایە نەماندەتوانی ئەو کارە وەکو ویستمان بیکەین، سـوریا نەك هەر دەرگای سـیاسی و ڕێکخسـتن و پروپاگەندەی بۆکردینەوە، بەڵکو دەرگای ڕاهێنانی ســەربازی و چەك پەیداکردنیشیـ بۆکردینەوە، کە چەکمان بداتێ و کەرســتەکانی شــۆڕشــمان بۆ بێنێتەدی" (ڕۆژنامەی کوردســتانی نوێ، ژمارە 1298، 1996/6/2)، لە ڕوی هاوکاری داراییەوە لە سـەرەتادا سـوریەکان مانگانە 15 هەزار دیناریان بە یەکێتی دەدا، بەڵام لە سـاڵی 1978دا ئەو بڕە بەرزبوەوە بۆ 35 هەزار دینار، (ئەحمەد، 2018، 176).

خاکی سـوریا بوە بنکەیەکی ســەرەکی دەســتپێکردنەوەی بزوتنەوەیەکی نوێی چەکداری کورد لە کوردســتانی عێراق2، هەروەها بوە پەناگەیەکی ئارام بۆ یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و کەمپی مەشـق و ڕاهێنانی بۆ پێشـمەرگەکانی کردەوە و ڕێگەی پێداون، کە لە سنورەکانی بپەڕنەوە بۆ عێراق، لەم بارەیەوە تاڵەبانی باسی لە هاوکاری و پاڵپشتی سوریا بە مەشق و چەك کردوە، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دو کەمپی ڕاهێنانی لە سوریا هەبوە، یەکەم لە نزیك دیمەشق و دوەمیان لە قامیشــلی، لەگەڵ پاڵپشــتی بە پارە و چەك لە هەندێك حاڵەتدا (ســالم، 2019، 156)، میوانخانەیەك بەناوی (فندق البرج الفضي)، بە ڕوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرابوەوە، ئەو کەسانەی بە کاری پەیوەندی و میوانی دەهاتن بۆ شام دەچونە ئەوێ پارەی ڕێگا و بلیتی فڕۆکەشیان پێ دەدان (کەریم، 2012، 191).

لە ئایاری 1976 حکومەتی عێراق یاداشــتنامەیەکی نارەزایەتی لەڕێگەی بالیۆزخانەی ســوریا لە بەغدا ئاراســتەی حکومەتی سـوریا کردوە، پشـتیوانی سـوریا بۆ (ی ن ك) پشـتڕاسـت دەکاتەوە، کە حکومەتی سـوریا ماوەیەکی زۆرە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاســا دەرچو دەکات، کە هەڕەشــە لە ســەروەری و یەکڕیزیی و زیانگەیاندن بە ئاســایشیـ ناوخۆی کۆماری عێراق دەکەن، بە پێدانی مۆڵەت و بەکارهێنانی خاکی سـوریا و دابینکردنی پاسـپۆرتی سـاختەی سـوری و غەیرە ســوری بۆ کەمەڵێك کەس، جەلال تاڵەبانی پشــتیوانی دارایی و هەمو ئاســانکارییەکانی دیکە لە دەســەڵاتدارانی ســوریا وەردەگرێ، هەروەها کردنەوەی کەمپی ڕاهێنانی سەربازی بۆیان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی سەربازی سوریا، بەتایبەت لە ناوچەی حەســەکە و قامیشـــلی و قبور ئەلبەیز و دیرك، هەروەها کەمپەکانی دیکەی ناوچەی دیمەشــق، جگەلەمانە دابینکردنی ئاســانکاری بۆ ئەو چەتانە بۆ دزەکردنە ناو هەندێک ناوچەی خاکی کۆماری عێراق بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە (FCO, 1976,105-107).

سـوریا بۆ یەکێتی گرنگییەکی زۆری هەبو، بنکەی کۆبونەوەی کادر و پێشـمەرگەکانی دەرەوەی بو، سـەرچاوەی چەك و تەقەمەنی و جێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی بو، (ئەمین، 1997، 95). لە قامیشـلو ڕادیۆیان هەبوە، (الخرسان، 2001، 326). سـوریا لەڕێگای دەزگا هەواڵگرییەکانەوە پەیوەندی و مامەڵەی لەگەڵ (ی ن ك) ئەکرد، عادل موراد لەبارەی پەیوەندییەکانی (ی ن ك) لەگەڵ سـوریا دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکان (مخابرات) ئیشـمان دەکرد، ســوریەکان بە فەرمانی حافز ئەســەد دەیانگوت هەرچییەکتان دەوێت لە چەك بیبەن،...هەرچەندە دەبێت لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەبێت، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان وەزارەتی دەرەوەی ســوریامان نەبینی جگە لە مام جەلال، کە ئەو هەمو لێپرسراوانی سوریای ئەبینی" (وەرگیراوە لە غەفور، 2012، 161).

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، سوریا کوردی وەك کارتێکی فشار بەرامبەر بە بەغدا بەکاردەهێنا، واتە پەیوەندییەکە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی و چۆنیەتی پەیوەندی سوریا لەگەڵ عێراقدا بو، بە خراپ بونی پەیوەندی دیمەشق لەگەڵ بەغدا کۆمەکی و هاوکارییەکانیش زیاتر دەبون، کاتێك بەغدا و دیمەشق لە کانونی یەکەمی 1977 تا کانونی دوەمی 1978دا دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتەوایی کرد، دیمەشق داوای لە تاڵەبانی کرد کە واز لە چالاکییەکانی بهێنێ و دەست بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەغدا بکات (بینگیۆ، 2013، 256). هەروەها پشتیوانییەکانیشی- بۆ (ی ن ك) وەستاند (FCO,1971 ,22)، بەڵام کاتێك گفتوگۆی ئاشتەوایی هیچ ئەنجامێکی نەبو، دیمەشق پاڵپشتی و کۆمەکی زیاتری یەکێتی کرد (بینگیۆ، 2013، 256). بۆیە دەکرێت بگوترێت، پەیوەندی سوریا بە (ی ن ك) بەتایبەتی و حزبەکانی تری کوردستان بەگشتی پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازانە بوە، پەیوەستبوە بە چۆنییەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق.

سوریا بە هۆی ئەوەی لەگەڵ حزبی بەعسی- عێراق لە ململانێی توندابو، دوژمنی یەکتربون، بۆیە هاوکاری (ی ن ك)ی دەکرد، نەك لەسەر بنەمای باوەڕبون بە مافەکانی نەتەوەی کورد (ڕەشید، ب2، 2019، 68؛ کەریم، 2012، 181)، سوریا بوە شوێنی داڵدەدانی هەمو ئەو هێزانەی دژایەتی ڕژێمی بەعسی- عێراقیان دەکرد، (طالباني، 2009، 418-421). لەگەڵ ئەوەشدا سوریا، کە هاوکاری (ی ن ك) دەکرد و هەر لەوێش دامەزرا، بەڵام هەندێك جار گرفتیان بۆ دروست بوە، بە نمونە کاتێك یەکێتی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)ی لە کانونی دوەمی 1976 چاپکرد، پاش ماوەیەك دەوەستێت چونکە بەپێی دەستوری سوریا نوسین بە زمانی کوردی قەدەغەبو (تەیب، 2012، 46)، هەروەها ئەگەر سەیری یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ی ن ك) بکەین ئەوا کەوتۆتە ژێر کۆمەڵێك دروشمی وا گەورە، لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و سەهیۆنییەت کە لە توانای هێزێکی وەکو (ی ن ك) نەبو جێبەجێیان بکات (بڕوانە، یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەمو دروشمەکان هی سوریا بون بەناوی (جبهة الصمود والتصدی)3 بەرزیانکردبوەوە (تەیب، 2012، 50)، ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات، کە ئازادی سیاسی (ی ن ك) لە سوریا سنوردار بوە، هەروەها کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی سیاسی سوریا، بەوەی یەکێتی لە بەرامبەر هاوکارییەکانی سوریا کۆمەڵێك مەرج قبوڵ بکات کە لەگەڵ پرەنسیپ و بیروباوەڕیان نەگونجاوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو واقیعەی تێدا بونە.

- **لیبیا**: جگە لە سوریا، (لیبیا)ش یەکێك بو لەو دەوڵەتانەی، کە (ی ن ك) پەیوەندی لەگەڵیان زۆر باش بو، هاوکاری جوڵانەوەی کوردی دەکرد لەوکات (عومەر، 2002، 188)، لیبیا لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، بە شێوەیەکی چالاکانە دەستی بە بانگەشەی بیرۆکەی (تیۆری جیهانی سێیەم – النظرية العالمية الثالثة)4 کرد، کە پشتیوانی لە هەمو ئەو بزوتنەوە بەرهەڵستکارانە دەکرد، لە دژی فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان و وڵاتە داگیرکەرەکان لە خەباتدابون، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پارەیەکی زۆری بۆ هەمو ئەو لایەنانە هەڵدەڕشت، لەو نێوەندەدا قەزافی بۆچونی باش و پێشکەوتوی سەبارەت بە کورد و پرسی کورد و نارەزایەتییەکانیان و پێویستی بە دەستهێنانی تەواوی مافەکانیان خستەڕو، لە ئەنجامدا بەشێک لە کەسایەتی و لایەنە کوردیەکانی عێراق پەلەیان کرد، بۆ ئەوەی بەرەو لیبیا بڕۆن و ڕێگای سەردان و پەیوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و سەرکردایەتی لیبیا کرایەوە، جەلال تاڵەبانی یەکەم کەسایەتی کورد بوە، کە سەردانی لیبیای کرد و دۆستایەتی لەگەڵ سەرکردایەتی لیبیا دروست کرد، تاڵەبانی لێزانانە توانی جێگای خۆی لە دڵی قەزافی بکاتەوە و دۆستایەتییەکی شەخسی- لەگەڵیدا دروست بکات (یاسین، 2001، 27)، لەو کاتدا پەیوەندی نێوان لیبیا و عێراق باش نەبو (ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە 28، 2011/10/2)، ئەمەش دەرفەتێکی باشبو بۆ هێز و لایەنەکانی کورد تا بتوانن متمانەی لیبیا بەدەست بهێنن.

لەبارەی پەیوەندییەکانی لیبیا و (ی ن ك) تاڵەبانی دەڵێت: "پەیوەندیمان لەگەڵ لیبیا بناغەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆجی هەبو، لە سەر بناغەی تیۆری موعەمەر قەزافی دانرابو، کە دەڵێت: (کورد نەتەوەیەکە و مافی ڕزگاربون و یەکبونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە) ئەو بۆچونەی بە ئاشکرا گوتوە، لە نوسینەکانی و لە کۆبونەوەکان باسی دەکات، بە ئامادەبونی چەندین سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی وەك بولند ئەجەوید(1925-2006)، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا و لە کرملین بەرامبەر لیونید برژنێف(1906-1982) و لە زۆر جێگای تردا ئەو بۆچونەی دوبارە کردۆتەوە" (ڕەشید، ب2، 2019، 67-68). کاتێك کورد داوای چارەسەرکردنی دۆزەکەی دەکرد بە پێدانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، قەزافی داوای

کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوی دەکرد، بە بۆچونی جەلال تاڵەبانی ئەو بیرۆکەیەی قەزافی سەبارەت بە دۆزی کورد ئەگەر لە ڕوی فەلسەفییەوە هەڵبسەنگێندرێت، ئەوا لەگەڵ پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین یەکدەگرێتەوە، (أوسي، 2008، 83-84). جگە لەوەش تاڵەبانی نێوەندگیری لەگەڵ قەزافی دەکرد، بەمەبەستی قبوڵکردنی پاڵپشتی هەندێک ڕێکخراو و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، وەک بەرەی جەماوەری بۆ ڕزگاری فەلەستین، کە کێشەی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ لیبیا هەبو، بەهۆی مەسیحییەتی جۆرج حەبەشەوە، ئەمە بەهێزی و پتەوی پەیوەندی نێوان تاڵەبانی و قەزافی نیشان دەدات، (أوسي، 2008، 85).

قەزافی بۆچونێکی زۆر سیاسی و باش و پێشکەوتنخوازی دەربارەی دۆزی کورد هەبو، چەند جارێك بیروڕای خۆی لەوبارەوە دەربڕیوە و گوتویەتی: "گەلی کورد کوردستانی هەیە و ئەو میللەتە کوردستانییە مافی هەیە ڕزگار بێت و یەك بگرێتەوە و دەوڵەتی خۆی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شان بەشانی نەتەوەی عەرەب و تورك و وەك ئەوان بژی" (ڕەشید، ب2، 2019، 67-68)، زۆری لەسەر دۆزی کورد باسکردوە، لە زۆر جێگاوە ڕەخنەشی هاتۆتەسەر، بەڵام گوێی پێنەداوە، بەڕاستی ئەوە یەکەم سەرۆکی وڵاتێکی عەرەبییە، کە باوەڕی بە بونی نەتەوەی کورد و مافی چارەنوسی نەتەوەی کورد و مافی ڕزگاربون و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردستان هەیە (ڕەشید، ب2، 2019، 68).

لەبارەی هەڵوێستی قەزافی بەرامبەر نەتەوەی کورد نوسەرێك دەڵێت: "قەزافی هەستی بە ئازاری کورد دەکرد، وەك چۆن کورد خۆی هەستی پێدەکرد، ئەمەش ئاماژەیە بە قوڵایی گرنگیدانی ئەو بە بابەتەکە و سەرەڕای سەرقاڵبونی بە بابەتی تری وەك یەکێتی عەرەب و دۆزی فەلەستین و پرسی ڕزگاریخوازی لە سەرجەم کیشوەرەکان، دەڵێت تا ئێستاش وشەکانیم بەبیرە کاتێك لە یەکەم چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ شاندێك، گوتی: هەستەکەم داهاتوی کورد نادیارە، هیچ بژاردەیەکی لەبەردەم نییە یان دەبێت میللەتی کورد بونی خۆی بسەپێنێت یان کۆتایی پێدێت" (احمد، 1992، 18).

قەزافی هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە عێراق نەبوە، تا لە ڕێگای کوردەوە بەدەستی بهێنێت، بەڵکو پاڵپشتی و لایەنگیری ئەو لە باوەڕ بە مافی گەلی کورد و دادپەروەری دۆزەکەیانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەڵوێستی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد و مامەڵەکردنی لەگەڵیان لە دەرەوەی حیساباتی سیاسی بەرتەسك بوە، (أوسي، 2008، 84). لەبارەی هاوکارییەکانی لیبیا بۆ یەکێتی تاڵەبانی دەڵێت: "پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕش لیبیا بەڵێنی یارمەتی تەواوی پێدابوین، تەنانەت گوتیان پێشمەرگەکانی ئێوە وەك سەربازی لیبیی سەیردەکەین، موچە و میزانیەی تایبەتیان بۆ دادەنێین، موعەمەر قەزافی بە خەتی خۆی لەسەر داخوازییەکانی من نوسیبوی (هەمو داخوازییەکانی برام جەلال تاڵەبانی جێبەجێ بکرێت)" (ڕەشید، ب2، 2019، 67).

بەر لە دامەزراندنی یەکێتی تاڵەبانی پەیوەندی لەگەڵ موعەمەر قەزافی هەبوە، لەو بارەوە دەڵێت "لەسەر بانگهێشتی خۆی سەردانی قەزافیم کرد و لەوێ پارەیان خستە بەردەستم بۆ پشتیوانیکردنی کێشەی کورد، منیش پێموتن ئێستا نە حزبم هەیە و نە چەکدار و پێویستم بە پارە نییە و ئەوەی کە هەمە بەسمە، بەڵام ئەگەر بۆ خەبات پێویستمان بە پارە هەبو، ئەوا داوای پشتیوانیتان لێدەکەم، بەکردەوەش دوای دامەزراندنی یەکێتی چوم بۆ لیبیا و پێموتن ئێمە ئێستا پێویستمان بە پشتیوانی ئێوەیە ئەوانیش وتیان بەسەرچاوان و لێیان پرسیم کە چیمان پێویستە، منیش وتم مانگانە پێویستمان بە 50 هەزار دیناری لیبیایە، ئەوانیش بڕیاریاندا هەمو مانگێك ئەو بڕە پارەیەمان بدەنێ تا ئەو کاتەی مەسەلەکە ئاشکرابو" (فەیاز، 2009، 220)، پارەکەیان ئەنارده سەر هەژماری بانکێك لە لوبنان، تاڵەبانی مونزیر نەقشەبەندی بۆ هێنانەوەی ئەو پارەیە ڕاسپاردبو، بەڵام مونزیر پەیوەندی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری بەعس هەبو، تا هەواڵگری سوریا بەوەی زانی و مونزیری دەستگیرکرد و دانی بە کارەکەیدانا، سوریا سەرکردایەتی (ی ن ك) لێ ئاگادارکردەوە، مونزیر هەمو شتێکی بۆ بەعسییەکان ئاشکرا کردبو، تەنانەت ژمارەی چەکەکانی بانکیشی بۆ ناردبون، (ئەمین، 1997، 75؛ تەیب، 2012، 160).

کاتێك عەبدولسەلام جەلود سەرۆك وەزیرانی لیبیا (1972-1977) سەردانی بەغدای کرد، سەدام وێنەی چەکی پارەکەی خستە بەردەم جەلود، کە ئەوەی دەسەلماند لیبیا یارمەتی دارایی بە کورد داوە (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر شێخ موس، لەڕێگای سکایپ، 2023/11/5)، بۆیە یارمەتی لیبیا بۆ (ی ن ك) وەستا، لەبەرئەوەی جەلود لە

بەغدا لەگەڵ سەدام حوسێن پێکهات، کە هیچ یارمەتییەکی کورد نەدات و بەربەستی خستەبەردەم هاوکارییەکان، چونکە بەومەرجە هاوکاری کوردیان کرد، کە عێراق پێی نەزانێت (ڕەشـید، ب2، 2019، 67؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر شـێخ موس، لەڕێگای سـکایپ، 2023/11/5)، بەڵام دوای ماوەیەك هاوکاری و پاڵپشـتییەکانی لیبیا بۆ یەکێتی دەسـتی پێکردوەتەوە (فەیاز، 2009، 220).

هەر لەبارەی پەیوەندی لیبیا و (ی ن ك) عادل موراد دەڵێت: "پەیوەندی بەتینمان لەگەڵ لیبیادا هەبو، و زۆر هاوکاری دەکردین لە ڕێگەی هاوکاری موعەمەر قەزافییەوە توانیمان یەکەمین ئێزگەی ڕادیۆ بۆ شـۆڕش وەدەست بخەین، هەرلەو ڕێگەیەوە لە سـاڵی 1976دا کۆمەڵێك ئامێری (هۆکی تۆکی)مان دەسـتکەوت" (وەرگیراوە لە عومەر، 2002، 188). هەروەها دەڵێت: (کە ئەچوم بۆ لیبیا پارەم ئەهێنا، پارەکەم لە وەزارەتی دەرەوە وەرنەئەگرت، بەڵکو لە سـەرۆکایەتی لەشـکری لیبیام وەرئەگرت، یەکەم برە پارەی زۆر من هێنام کە نزیکەی چوار ملیۆن فرەنکی فەرەنسـی بو، ئەیکردە نزیکەی 380-400 هەزار دیناری لیبی، پارەکەم لە چاپخانەیەکی شـانزەلیزی فەرەنسی، بەکاش لە ناو جانتایەك وەرگرت، پارەکەم شـەحن کرد بۆ سـتۆکهۆلم و دوای چەند ڕۆژێکی کەم چوم بۆ زوریخ و ئینجا بۆ دیمەشـق) (غەفور، 2012، 161).

جموجۆڵە سیاسییەکانی لیبیا لە ناوچەکە لەگەڵ عێراق و سوریا و لوبنان جێگای گومانە، کاتێك عەبدولسەلام جەلود بە دەستپێشخەرییەك بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و ئاڵۆزی و قەیرانی ناوخۆی لوبنان، لە 15ی ئایاری 1976 بەسەردانێکی کورت دەچێتە سـوریا، دواتر ڕودەکاتە لوبنان، دوای مانەوەی بۆ ماوەی 24کاتژمێر لە بەیروت جارێکی تر لە 17ی ئایار دەگەڕێتەوە دیمەشـق لەگەڵ حافز ئەسـەد کۆدەبێتەوە (جريدة الشـعب(الاردنية)، العدد، 88، 1976/5/19؛ جريدة النهار(اللبنانية)، العدد (ژمارەکەی ناخوێندرێتەوە)، 1976/5/18)، هەروەها لە 18ی ئایار دەچێتە بەغدا لەگەڵ سەدام حوسێن کۆدەبێتەوە (جريدة الدستور(الاردنية)، العدد، 3164، 1976/5/19)، لە 19ی ئایار بۆ سێیەمین جار جەلود ڕودەکاتەوە دیمەشق لەگەڵ ئەسەد کۆدبێتەوە، شایەنی باسە جەلود هەڵگری پەیامێکی ئاشتەوایی سوریا بوە لە لوبنان (جريدة الانوار(اللبنانية)، العدد5571، 1976/5/20)، بە پێی گریمانەی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ڕەنگە مەبەست لە هاتنی جەلود بۆ بەغدا، هەوڵدان بوبێت بۆ ڕازیکردنی عێراقییەکان بۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەو هێزانەی لە لوبنان پشتگیریان دەکەن. بە ڕەچاوکردنی ئەمە، بەڵێنێک بێت لەلایەن سورییەکانەوە کە هەمان شت بکەن، یان بەڵێنێک بێت لەلایەن سورییەکانەوە بۆ وەستاندنی پشتیوانییەکانیان بۆ کورد (FCO, 1976,92)، هەرچەندە پەیوەندی سوریا و عێراق و ناکۆکییەکانیان قوڵتربون لەوەی لەسـەر پرسی لوبنان کورت بکرێنەوە و کۆتایی بە کێشـەکانیان بێت، بەڵام ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت ئەوا ڕێککەوتننامەی جەزائیرێکی تر بۆ کورد دوبارە دەبوەوە و بزمارێکی تر دەبو لە تابوتی بزوتنەوەی کورد.

لە سـاڵی 1977دا هەندێك لایەنی فەلەسـتینی داوای وتوێژ لە نێوان حکومەتی عێراق و (ی ن ك) دەکەن (کۆچیرا، 2013، 70)، بۆیە حکومەتی عێراق لە ڕێگای شـێخ محەمەد ڕەشـید-ی لۆلان، داوای گفتوگۆی کرد، بۆ ئەم مەبەسـتە یەکێتی عەلی عەسـکەری(1937-1978) لە تشرینی دوەمی 1977 بۆ بەغدا نارد، سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە چاوی بە گەورە بەرپرسـانی بەغدا کەوت لەوانە سـەدام حوسـێن، بەڵام کاتێك لە گفتوگۆکان بێ هیوا بو گەڕایەوە، (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گفتوگۆکە بڕوانە، الخرسان، 2001، 366-369؛ ئەمین، 1997، 180-185؛ ڕەشید، ب2، 2019، 80-82)، لایەنەکانی گردبونەوەی نیشتمانی عێراق(التجمع الوطني العراقي-توع) و کاربەدەستانی سوری و لیبی لەم گفتوگۆیە دڵگران بون، بە توندی هێرشـیان کردە سـەر یەکێتی و تاوانباریان کرد بە پەیمانشـکێنی، چونکە ئەوان لەگەڵ گفتوگۆدا نەبون پێیان وابو دەبێت یەکێتی درێژە بە خەبات بدات تا ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عێراق، هەندێك لایەنی فەلەستینیش لە دژی گفتوگۆی ی ن ك و بەعس دەیاننوسی، هەروەها سـورییەکان زۆر دژی گفتوگۆ بون، بەڵام دواتر خۆشـیان کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ عێراق (ئەمین، 1997، 182-183).

لە دوای ڕوخانی حکومەتی شـای ئێران لە سـاڵی 1979دا، لیبیا فڕۆکەیەکی پڕ لە چەکی سـوك و قورسی بۆ (ی ن ك) ڕەوانەی تاران کرد، ئێرانییەکان بە بیانوی ئەوەی ئەو چەکانە دەکەونە دەسـتی پێشـمەرگەکانی حزبە کوردییەکانی دژ بە

ئێران، بۆیە دەســتیان بەســەردا گرت (كوێســتانی، 2020، 190). تاڵەبانی لە 27ی تەموزی 1979 لە تاران داوای ئەو چەكانەی كرد و لە 28ی تشرــینی دووەمیش جارێكی تر نەوشــیروان مســتەفا بۆ داواكردنی ئەو چەكانە چو بۆ ئێران (وێڵەدەری، 2017، 348-349)، ســەرباری دەســتێوەردانی لیبیا و ســوریاش، جگەلە ژمارەیەكی كەمی دەمانچە و كلاشینكۆف ئەوانی تریان بۆ خۆیان برد و نەیاندایەوە (كوێستانی، 2020، 190).

بەرەوپێشــچونی پەیوەندییەكانی نێوان ســوریا و لیبیا كە دو وڵات بون هاوكاری كوردییان دەكرد، هەروەها ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەســتینیش لەگەڵ ئێران، گەرەنتییەك بو بۆ ســەقامگیری پەیوەندییەكانی ئێران و حزبە كوردســتانییەكانی عێراق، چونكە لەو كاتەی ئایەتوڵڵا خومەینی(1902-1989) لە پاریس بو، لیبیا و ســوریا نوێنەریان ناردبو و پشــتگیری شــۆڕشــیان كردبو، عەبدولســەلام جەلود لە 28ی نیســانی 1979 ســەردانی ئێرانی كرد و پەیوەندی نێوان هەردو وڵات گەیشتە ئاستێكی بەرز (نێروەیی، 2008، 130-131).

**- فەلەستینییەكان و هێز و لایەنی تر:** تاڵەبانی لەگەڵ هێزە ڕزگاریخوازەكانی فەلەستین پەیوەندی باشبو، دۆستایەتی لەگەڵ (یاسر عەرەفات و جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە)دا هەبو، لەو ڕێگایەوە یەكێتی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراندبون، بەڵێنیان دابو یارمەتی یەكێتی بدەن بە چەك و مەشق پێكردنی كادر و پێشمەرگەكانی و ئامادەش بون یارمەتی یەكێتی بدەن بۆ ئەوەی بنكەی پێشــمەرگایەتی لە لوبنان دابمەزرێنن (ئەمین، 1997، 74). لە دوای بڕیاری دەســتپێكردنی خەباتی چەكداری ئەو پێشــمەرگانەی لە دەوری یەكێتی كۆببونەوە لە ســوریا، كە نزیكە 400-500 پێشــمەرگە بو، لە كەمپی یەرموك لە خواروی ڕۆژئاوای دیمەشــق و لە لوبنان لە لایەن فەلەســتینییەكانەوە مەشــقیان پێكرا، هەروەها چەكێكی زۆریان پێداون، ئەو لایەنانەی هاوكاری یەكێتییان كردوە، لەوانە بەرەی میللی هاوكاری زۆریان پێداون چونكە توانایان زیاتربوە، بەراورد بە بەرەی دیموكراتی كە توانایان كەمتربوە، هەروەها بەرەی فەتح لە نێوان ســاڵانی 1978-1980 كە لەوكات پەیوەندیان لەگەڵ عێراق زۆر بەرەو خراپ ڕۆیشت، هاوكارییەكی زۆری یەكێتیان كردوە، چەكێكی زۆریان پێداون (چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر شــێخ موس، لەڕێگای ســكایپ، 2023/11/5). دەكرێت بڵێین چۆنێتی پەیوەندی لایەنە فەلەستینییەكان لەگەڵ عێراق، ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی هاوكاری فەلەستینییەكان بۆ یەكێتی هەبوە. یەكێتی پەیوەندی بە زۆربەی ڕێكخراوە فەلەستینیەكانەوە هەبو، لەوانە:

- حركة التحرير الفلسطيني(بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی - فتح)
- الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين(بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین، كە سەرۆكەكەی جۆرج حەبەش بوە)
- الجبهة الديمقراطية لتحرير فلسطين(بەرەی دیموكراتی بۆ ڕزگاری فەڵەستین، كە سەرۆكەكەی نایف حەواتمە بوە)
- الجبهة الشعبيه-القيادة العامة(بەرەی میللی – سەركردایەتی گشتی، بە سەرۆكایەتی ئەحمەد جوبریل)
- جبهة النضال الشعبي الفلسطيني(بەرەی خەباتی میللی فەڵەستینی، بە سەرۆكایەتی د. سەمیر عەوشە)

هەر لە ساڵی 1979 شاندێكی یەكێتی بەسەرۆكایەتی نەوشیروان مستەفا، دەچنە لوبنان دیداریان لەگەڵ زۆربەی هێز و لایەن فەلەســتینییەكان كردوە، وەك جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە و یاسر عەبد ڕەببە، هەروەها چاویان بە ژمارەیەك و هێزی نیشــتمانی لوبنانی كەوتوە، لە كۆبونەوەكاندا ســەرەڕای باســكردنی بارودۆخی كوردســتان و عێراق و ئێران، داوای كۆمەك و پشــتیوانی و یارمەتیشــیان لێكردون، هەر لە ئەنجامی ئەو كۆبونەوانەدا بڕیاردرا بەناردنی هەندێك پێشــمەرگەی (ی ن ك) بۆ ئەوەی بەشداری لە خوولی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی فەلەستینییەكان بكەن (ئەحمەد، 2018، 176).

ئەو ڕێكخراوە فەلەستینیانە سەرباری ئەوەی زۆربەیان پەیوەندییان لەگەڵ عێراقدا زۆر باش بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییان لەگەڵ (ی ن ك) هەبوە و بە هێزێكی شــۆڕگێڕییان زانیوە، (عومەر، 2002، 182). تەنانەت جۆرج حەبەش لە كاتی گیرانی شەهاب شێخ نوری و هاوڕێكانی كە لە سەركردەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵە بون، بۆ ئەوەی لە سێدارە نەدرێن، هەوڵی ئازادكردنیدان، بەڵام حكومەتی عێراق داواكەی پشــتگوێ خســتبو (مێرگەســۆری، 2013، 109). لە بارەی پەیوەندییەكانی یەكێتی لەگەڵ لایەنە فەلەســتینییەكان عەمەر شــێخ موس دەڵێت: "هاوكاری زۆری یەكێتیان كرد لە

مەشـــق و ڕاهێنان و پێدانی چەك و پێدانی ڕەگەزنامە بەتایبەت ڕەگەزنامەی تونسی، ئەو پەیوەندییەی نێوان یەکێتی و فەلەستینییەکان لەسەر بنەمای داکۆکیکردن بو لە مافی یەکتر، وەك دو گەلی ژێردەستە و چەوسێنرا و هەروەها لەڕوی ئایدۆلۆژییەوە نزیکایەتیمان لە یەکتر بەهۆی چەپ بونەوە کاریگەری خۆی هەبو، ئێمەش هاوکاری ئەوانمان ئەکرد، بەتایبەت لە ئەوروپا بە پشـــتگیری کردن و ناســـاندنیان بە حزبەکان و بزوتنەوەی چەپ و کۆکردنەوەی خەڵك بۆیان" (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر شێخ موس، لەڕێگای سکایپ، 2023/11/5). دەکرێت بڵێین نزیکی یەکێتی و لایەنە فەلەســـتینییەکان بەهۆی ئایدۆلۆژییەوە لە یەکترەوە، کە هەردولایەن چەپ بون کاریەری خۆی هەبوە لەســـەر نزیکیان پەیوەندییەکانیان.

لە لوبنانیش یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی لوبنانی و ڕێکخراوی کاری شیوعی باش بو، جگەلەمانە (ی ن ك) لەگەڵ کۆمەڵێك حزب و ڕێکخراوی تری عەرەبی پەیوەندی دروسـت کردبو، لەوانە: (بەرەی میللی بۆ ڕزگاری بەحرێن) و (بەرەی میللی بۆ ڕزگاری ئەریتیریا) و (بەرەی میللی بۆ ڕزگاری عەممان- زەفار) و (حزبی سـۆسـیالیسـتی یەمەنی) و هێزە چەپەکانی ئەردەن و میسرـ هەروەها (ی ن ك) لەگەڵ زۆربەی ئەو ڕێکخراوە عەرەبییانەی لە لوبنان بنکەیان هەبو پێوەندی باش بوە، لەوانە: ڕێکخراوەکانی سـودانی و میسرـی و مەغریبی و تونسیـ و سـعودی و یەمەنی باکور و یەمەنی خوارو... (عومەر، 2002، 182-183). جگە لەمانە پەیوەندییان بە یەمەنی دیموکراتی کردوە، ئەوانیش پێشـوازییان لێکردون (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1298، 1996/6/2). بە بڕوای ئێمە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراو و لایەنانە، تەنها یەکتر ناسین بێت، ئەویش بەهۆی ئایدۆلۆژیای چەپایەتییەوە وابەستەی ناسینی یەکتر بوبن.

**تەوەری دوەم: سەرکردایەتی کاتی(پارتی دیموکراتی کوردستان):**

دامەزراندنی ســەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر بو، پارتی وەك هێزەکانی تر پەیوەندی لەگەڵ ســوریا و لایەنەکانی تری عەرەبی هەبو، ئەو پەیوەندییەشی بە گرنگ زانیوە، هەروەها وەك دەردەکەوێت پارتی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەلەسـتینییەکان لەوانەش بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەسـتینی(فەتح) هەبوە، بۆیە لەوسۆنگەیەدا باس لە هەڵوێستی سوریا، لەگەڵ هەڵوێستی بەرەی فەتح بەرامبەر پارتی ئەکەین.

**- سوریا:** دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، ژمارەیەك سەرکردە و کادیری (پ د ك)، کە لە ئێران و هەندەران پەنابەر بون، بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو بارە ناهەموارەی بەســەر کورد و جوڵانەوەکەیدا هاتبو، بڕیارياندا ڕێکخستنێکی نوێ دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە ئیدریس بارزانی(1944-1987) و مەسعود بارزانی داوای ڕوخسەت لە بارزانی دەکەن (محەمەدئەمین، 2014، 75).

بۆیە پارتی دیموکراتی کوردسـتان(سـەرکردایەتی کاتی) لە تشرـینی دوەمی 1975 لەلایەن کۆمەڵێك سـەرکردە و کادری ڕۆشنبیر و لێهاتو دامەزرا (عیسیـ، 1992، 251)، سەرکردایەتی کاتی پێویستی بە وڵاتێك بو، بۆ ئەوەی لەوێوە پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە و ئەندام و کادیرەکانییەوە بکات، بۆیە شاندێکی ناردە سوریا و لوبنان بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامەکانیان و هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی (حمدئەمین، 2022، 23).

یەکەم پەیوەندی سوریا بە پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی) لە شوباتی 1976 بوە، کاتێك عەدنان دەباغ وەزیری ناوخۆی سوریا لە ڕێگەی ئیبراهیم گاباری، کە کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان بو، پەیامێکی زارەکی گەیاندە مەسعود بارزانی لە ئێران، لە پەیامەکەدا عەدنان دەباغ ڕایگەیاندبو کە ئامادەن بۆ دروســتکردنی پەیوەندی لە نیوان (پ د ك) و سوریا و پەرۆشی خۆی نیشاندابو بۆ سەردانی کردنی سوریا و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولایەن، مەسعود بارزانی ئامادەیی خۆی نیشانداوە و پێشوازیی لەو دەستپێشخەرییە کردوە، ڕایگەیاند هەڤاڵانی سەرکردایەتی کاتی لە سوریا بۆ ئەم مەبەسـتە ڕادەسـپێرێت و پەیوەندییەکانیش لە ڕێگای ئەوان دەبێت، کە لە سـوریا نیشـتەجێن (بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 70-73).

کاتێك (ی ن ك) بە مەبەستی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش یەکەم دەستەی چەکداری خۆی لە 1ی حوزەیرانی 1976 لە سوریا، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم عەزۆ(1949-1976) لە ڕێگای تورکیاوە بۆ کوردستانی عێراق ناردەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان هەردولاوە، ئەو دەستە چەکدارە لە لایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی) لە

ناو دەبرێن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئەمین، 1997، 121-123؛ عومەر، 2002، 129-130). سوریا ئەو ناکۆکییەی نێوان (ی ن ك) و سەرکردایەتی کاتی پێخۆش نەبو، چونکە ئەیانزانی ئەوان لە کوردستانی تورکیا پێگە و دەسەڵاتیان هەیە و بەبێ کرانەوەی ڕێگای تورکیاش (ی ن ك) ناتوانێت پەرە بە چالاکییەکانی بدات (ئەمین، 1997، 130)، بۆیە ئەمە سوریای هاندا بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، (الخرسان، 2001، 357). مەلا بەختیار دەڵێت: "کاتێك لە ساڵی 1976 کێشە کەوتە نێوان (ی ن ك) و پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی)، سوریا کەوتە نێوانمان بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ دروست نەبێت، بەڵام بەداخەوە بە قسەمان نەکردن شەڕ دروست بو" (بەختیار، کۆڕبەندی ئاشتی و...، Rudaw.tv، 2022/11/17).

جگەلەوە حزبی بەعسی- سۆسیالیستی عەرەبی(سەرکردایەتی هەرێمی سوریا) کەوتە نێوەندگیری لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکردایەتی کاتی (سالم، 2019، 194-195). هەروەها عەلی سنجاریش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریدا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و توانی دانیشتنێك لە نێوان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە 26ی تشرینی یەکەمی 1976 لە لەندەن ڕێکبخات، کە زیاتر لە هەشت کاتژمێری خایاند، لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتون (تەیب، 2012، 244؛ شورش، 2001، 144). دواتر باڵیۆزخانەی سوریا لە لەندەن بە فەرمی داوای لە مەسعود بارزانی کرد سەردانی سوریا بکات، ئەویش لە 19ی کانونی یەکەمی 1976دا، لە لەندەن گەیشتە دیمەشق (نێروەیی، 2008، 89؛ سالم، 2019، 194-195).

لەبارەی ئەو سەردانەدا مەسعود بارزانی دەڵێت: "لە 28ی کانونی یەکەمی 1976 لە نوسینگەی تایبەتی خۆی چاومان بە ڕەفعەت ئەسەد، برای سەرۆککۆماری سوریا کەوت... لە کۆبونەوەکەدا داکۆکی لەسەر گرنگی و بەهێزبونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولایەندا کرایەوە... پەرۆشیی خۆمان نیشاندا لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەردولادا و ڕونکردنەوەیەکی تێروتەسەلمان سەبارەت بە بارودۆخی شۆڕشی کورد لە 1961-1975 و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان خستەڕو. هەروەها داکۆکیمان لەسەر برایەتیی کورد و عەرەب دوپات کردەوە، لە بەشێکی تری کۆبونەوەکەدا ئەنجامی دیدارەکانمان لەگەڵ سەرکردایەتیی نەتەوەیی و کۆمەڵە خستەڕو. لە کۆتاییی کۆبونەوەکەدا گرنگیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولایەن دوپات کرایەوە. دیار بو دواتر پێی گوترابو کە لەمەودوا ناوبراو دەست نەخاتە ناوکاروبارەکانمانەوە" (بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 481).

مەسعود بارزانی لە 29ی کانونی یەکەمی 1976، چاوی بە عەبدوڵلا ئەحمەر یاریدەدەری سکرتێری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی کەوتوە، لە کۆبونەوەکەدا باسی کۆمەڵێك بابەتکراوە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961وە تا نەمانی شۆڕش و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی لە کوردستاندا، هەروەها باس لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی پارتی و ڕونکردنەوەی پێویست لەبارەی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە خراوەتە ڕو، سەبارەت بە چەمکی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە عێراق و لە کوردستانی سوریا، لە بەشێکی تردا باسی سیاسەتی خراپی دەسەڵاتدارانی عێراق بەرامبەر گەلی کورد لە سەرەتای ساڵی 1962ەوە کراوە، لەگەڵ گواستنەوەی لێکەوتە خراپەکانی بۆ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی دوای خۆیان، لای خۆیەوە عەبدوڵلا ئەحمەر خۆشحاڵی خۆی بە دیدارەکە و پشتگیری خۆی بۆ قسە و ڕونکردنەوەکانیان دەربڕیوە، سەبارەت بە کوردستانی سوریا دوپاتی کردوەتەوە، کە بابەتەکە پەیوەستە بە حکومەتی سوریاوە، ئەحمەر پەرۆشی و ئامادەیی سوریای نیشانداوە بۆ گەیشتنی هەمو لایەنەکان بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و هەمە لایەنە، بەڵام کۆبونەوەکە کۆبونەوەیەکی سەرکەوتو نەبوە و جۆرە گرژییەکی تێکەوتوە، چونکە شاندی پارتی داوای ئازادکردنی هەندێك کەسی سەرکردایەتییان کردوە، کە لە بەندیخانەی سوریادا بون، ئەم داواکارییە بە دڵی ئەحمەر نەبوە، بۆیە بەبێ لێکتێگەیشتن کۆتایی بە کۆبونەوەکە هاتوە (بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 482). هەوڵەکانی سوریا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان (پ د ك) و (ی ن ك) لە پەرۆشی و دڵسۆزی نەبو بۆ پرسی کورد، بەڵکو بۆ بەردەوامی دانبو بۆ خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق.

مەسعود بارزانی و شاندەکەی لەو ماوەیەدا کە لە سوریا بون چەندین جار لەگەڵ گردبونەوەی نیشتمانی عێراقی(توع) کۆبونەتەوە باسیان لە هەماهەنگی نێوانیان کردوە و باس لە گواستنەوەی چەك و پێداویستییەکان کراوە لە سوریا بۆ

تورکیا و گواستنەوەی بۆ کوردستانی عێراق، هەروەها پێداگری لەسەر خێراترکردنی هەنگاوەکانی گواستنەوەی چەك بەپێی تواناکان کراوە، هەر لە دوا دیداردا باقر یاســین ئەندامی ســەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی ـــ هەرێمی عێراق پێی ڕاگەیاندون، سوریا وڵاتێکی نامۆیە بۆتان و گواستنەوەی ڕوخساری بزوتنەوەی کوردی جوان نییە، بەڵام دەتوانن هەست بکەن و ســوریا بە دۆســتی خۆتان بزانن و خاکەکەی کراوەیە بۆتان و کاروبارەکان بەو جۆرەی باســمان کرد ڕادەپەڕێنین، "باقر بەم شێوەیە داکۆکی لەسەر ئەنجامی سەردانەکە کردوەتەوە:

1- تەئکید کرایەوە کە سوریا دۆستی ئێوەیە.
2- دەرفەتتان هەیە بۆ گواســتنەوەی چەك و پێداویســتی و کەلوپەلی یەدەگ لەهەر شــوێن و هەر لایەنێکەوە بێت جگە لە ئیسراییل.
3- فڕۆکەخانە و دەروازەکان کراوەن بۆتان.
4- مانەوە و بونتان وەك حزب لە شام(دیمەشق).

وێنە و ڕوخساری پێشوی بزوتنەوە دەگۆڕدرێت.
دەستپێکردنی ئاسانکاریی پێویست بۆ گواستنەوەی کەسەکان" (بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 487-488).
هەروەها لەم ســەردانەدا بابەتی ئەندام بونی پارتی لە گردبونەوەی نیشــتمانی عێراق (توع) جارێکی تر دێتەوە بەرباس و داوا لە مەسعود بارزانی دەکەن بەیانێك دەربکەن و سەرکۆنەی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل بکەن تا ببن بە ئەندام لە توع، بەڵام مەســعود بازانی ئەمە بەتوندی ڕەتدەکاتەوە (نێروەیی، 2008، 67). هەر چەندە پارتی پێشــتریش نێوانی خۆش بو، بەڵام نەبوە ئەندام لە توع، ڕەنگە دیارترین هۆکاریش ئەوە بوبێت، کە بەرنامەی توع لەگەڵ بیروباوەڕی پارتی نەدەگونجا، (ئەمین، 1997، 65).
هەر لە درێژەی ســەردانەکەی بۆ ســوریا مەســعود بارزانی دەڵێت: "دوای مانەوە بۆماوەیەکی زۆر و چەندین دیدار و کۆبونەوە لەگەڵ کەسایەتی ڕێکخراو و لایەن و بەرپرسانی سوریا، گەیشتمە ئەو بڕوایە نە سوریا جددییە لە هاوکاری و یارمەتیدانی پارت و لایەنەکان، نە کەسایەتی لایەنەکانیش بەتایبەتی لایەنەکانی ناوکۆمەڵە لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدان و دەتوانن کارێکی بەرچاوبکەن. حکومەتی ســوریا تەنیا بە دوای کوشــتنی کاتەوە بو. هەرچەند بە زارەکی و بەڕواڵەت بانگەشـــەی هاوکاری و یارمەتیدانی لایەنەکانی بەرز کردبوەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەنگاوێکی پڕاکتیکی و کردەییان نەنا، لە لایەکی ترەوە، کەسایەتی لایەنەکانی ناوکۆمەڵەش لە ئاستی بارودۆخ و قۆناغی سەردەمدا نەبون" (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 485-488). سوریا بەردەوام هەوڵی ئەدا، کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە کورد و عەرەب لەیەك بەرەدا کۆبکاتەوە (مارکوس، 2014، 103) و پشــتگیری دەکردن بەڵام پارتی و یەکێتی بە هێزەکانی تریشــەوە، نەیانتوانی ســود لەو ناکۆکییەی نێوان عێراق و ســوریا وەربگرن، بەڵکو لەگەڵ یەکتر ناکۆك بون بەمەش پێگەیان لای ســوریاش لاوازبو (شریف، 2021، 267)، لێرەدا دەکرێت ئەو ڕاستییە بگوترێت، کە پەیوەندی پارتی لەگەڵ سوریا نەگەیشتبوە ئەو ئاستەی یەکێــتی لەگەڵ سوریایدا هەبوە، چونکە پارتی وەك یەکێتی ڕازی نەبو، شۆڕشێك کە کورد بەرپای کردوە و لەسەر خاکی کوردستان ببێتە شۆڕشێکی عێراقی، یان شۆڕشێك، کە سەرکردەکانی کوردن، هەروا بە ئاسانی ژمارەیەك لە کەسانی عەرەبی شۆڤێنی ببنە سەرکردەی، کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سەدام و بەعسی بەغدا نەبێت، کەسانێك لە ڕێی ڕشتنی خوێنی کوردەوە بچنە سەر تەختی دەسەڵات، کەچی دژی مافەکانیشی بن (تەیب، 2012، 280). بەبڕوای ئێمە پەیوەندی پارتی(ســەرکردایەتی کاتی) لەگەڵ ســوریا لە پەیوەندییەکی ســەرەتاییدا بوە، بۆیە لە هاوکاریکردنیشــیان جددی نەبوینە، ڕەنگە ئەمە بۆ پارتی بەو شێوەیە بوبێت ئەگەرنا سوریا بۆ (ی ن ك) کارئاسانیی زۆر بۆ کردبون، هاوکاری ماددی و مەعنەویشی دەکردن، هەروەها ڕەنگە پەیوەندی پارتی و توع کاریگەری لەســەر پەیوەندییەکانی پارتیش لەگەڵ ســوریا دروســت کردبێت لەم قۆناغەدا، چونکە پارتی ئامادە نەبو ببێتە ئەندام لە توع هاوکاری ســوریاش تاڕادەیەکی زۆر بەســترابوەوە بە ئەندامبون و چونە ریزی ئەو بەرەیە، ڕەنگە ئایدیۆلۆژیا یەکێتی کە بەلای چەپ دەشــکایەوە کاریگەری لەسەر نزیکی ئەو پەیوەندییانە هەبو بێت، ئەمەو جگەلە کەسایەتی تاڵەبانی و دۆستایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوریا.

ئەمە جگەلەوە پاش چەندین کۆبونەوە لەگەڵ تاڵەبانی و بە نێوەندگیری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە سوریا و بەشێك لە بەرپرسانی سوریا لە دیمەشق لە 1ی ئاداری 1977 (ڕێککەوتنی) مەیدانی نێوان تاڵەبانی و مەسعود بارزانی واژو کرا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، تەیب، 2012، 244-245؛ نێروەیی، 2008، 89-90؛ سالم، 2019، 194-195؛ حەمەد، 2019، 67-68). بەڵام دوای دو مانگ ڕێککەوتنەکە هەڵوەشایەوە، (کەریم، 1993، 241)، شایەنی باسە مەسعود بارزانی تا مانگی ئایاری 1977 لە شام مایەوە (نێروەیی، 2008، 89-90).

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا سوریا بۆ پارتی گرنگ بو، وەك بنکەیەك بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە و ئەو دەوڵەت و لایەنانەی بۆ دۆزی کورد هاوسۆز بون و هەروەها بە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری عێراق، بۆیە سەرکردایەتی پارتی بەردەوام بەچاوێکی گرنگ دەیڕوانییە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، شورش، 2001، 144-145).

- **فەلەستینییەکان:** جگەلە سوریا پارتی پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لایەنی فەلەستینی لەوانە، بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی (فەتح) هەبوە، ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شۆڕشی ئەیلول(1961-1975) و پەیوەندی لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و یاسر عەرەفات هەبو، جگەلەوە بارزانی نوێنەری لە بەیروت هەبو ئەویش شێخ عەزیز شەمزینی بو، فەلەستینییەکان لای خۆیانەوە ویستویانە سود لە ئەزمونی درێژ خایەنی خەباتکارانی کورد وەربگرن، هەزاران گەنجی کورد چ لە عێراق چ سوریا یان لوبنان، پەیوەست بون بە ڕیزەکانی بەرخۆدانی فەلەستینییەکانەوە و بەشێکی زۆریان گیانیان لەدەستدا بەتایبەتی لە لوبنان، یاسر عەرەفات بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٤ چەند جارێك هەوڵیداوە، نێوەندگیری لە نێوان بزوتنەوەی کورد و بەغدا بکات، بەڵام بێ سود بوە و بەغدا وەڵامی نەداوەتەوە (عونی، 1993، 183). بۆیە لە هەندێك ڕوداودا هەڵوێستیان وەرگرتوە، بەنمونە کاتێك لە 8ی کانونی دوەمی ساڵی 1979، مەسعود بارزانی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا ڕوبەڕوی هەوڵێکی غافڵکوژی دەبێتەوە، لەلایەن سەرانی حکومەتی عێراق کە بارزان تکریتی برای سەدام سەپەرشتی هەوڵەکەی دەکرد (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەوڵی غافڵکوژییەکە بڕوانە، رسول، 2015، 110-112؛ بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 74-78؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە 2373، 9 /1/ 2007). لەوبارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: "دوای ئەم ڕوداوە دەستبەجێ (هانی حەسەنی)، کەسایەتیی نزیکی یاسر عەرەفات پاسپۆرتێکی نوێی بۆ ناردم و ڕێوشوێن و ئاسانکاریی پێویستی بۆ کردم... دوای پرس و ڕاوێژ لەگەڵ باوکم دەرکەوت واباشترە ئەوروپا بەجێبهێڵم و بچمە بەیروت و قوبرس، تا لەوێ هەندێ دۆست و برادەر پارێزگاریم لێبکەن" (بارزانی، بەرگی4، ب1، 2021، 77). هەروەها دەڵێت :" ئەگەر ئەو یارمەتییە گەورە نەبایە،...، ئەوە بێگومان دوچاری ئاستەنگی گەورە دەهاتمەوە" (ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە 2889، 1999/7/29)، بۆیە یاسر عەرەفات هاوکارییەکی گەورەی کردوە، بۆ دەرچون لە نەمسا (شورش، 2001، 151)، تەنانەت یەکێك لە بەرپرسانی نوسینگەکەی خۆی ناردوەتە قوبرس، بۆ ئەوەی لەگەڵیان بمێنێتەوە تا مەترسییان لەسەر لادەچێت (بارزانی، بەرگی3، ب2، 2004، 265).

**تەوەری سێیەم: حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان(حسیك):**

دروست بونی حزبی سۆسیالیستیش(حسیك) دەرئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر بو، دوای دروست بونی ئەو حزبە کەوتۆتە پەیوەندی گرێدان لەگەڵ هێز و لایەنە ناوخۆی دەرکییەکان، وەك دەردەکەوێت شاندێکی ئەو حزبە دەچنە سوریا و لوبنان لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان فراوان نین، بۆیە ئێمە لەم تەوەرەدا باس لەو پەیوەندییانەی سۆسیالیست لەگەڵ سوریا و لیبیا و لایەنە فەلەستینیەکان ئەکەین.

**- سوریا:** یەکێکی دیکە، لەو ڕێکخراوە سیاسییانەی، کە لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی 1975، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستانی عێراق دەرکەوت، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بو، لە ساڵی 1979 دوای جیابونەوەیان لە (ی ن ك) ناوەکەی گۆڕا بۆ حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان(حسیك)5، بەو پێیە ئەو حزبە نوێیە لە بزوتنەوەی سۆسیالیست و لیژنەی ئامادەکاری پێك دەهات (بۆزانیاری زیاتر لەسەر بزوتنەوەی سۆسیالیست و لیژنەی ئامادەکاری بڕوانە، الخرسان، 2001، 488-497؛ تەنیا، 2019، 22-36)، حزبی سۆسیالیست لە سەرەتای

تشرینی یەکەمی 1979 کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بەڵام گفتوگۆکان هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە بۆیە شکستی هێنا (تەنیا، 2019، 86-90).

حزبی سۆسیالیست(حسیك) بەهەمان شێوەی پارتەکانی تر هەوڵیدا پەیوەندی بە وڵاتانی ناوچەکەوە بکات، لەوانە: سوریا لەم بارەیەوە قادر عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە دەڵێت: "پەیوەندییەکانمان بەردەوام لەبەرزبونەوە و نزمبونەوە دابون، زیاتر پەیوەندییەکان شەخسی و زارەکی بون، پەیوەندییەکان لە ڕێگای عادل موراد و عەدنان موفتی-یەوە بون، کە زۆر سەرکەوتو نەبون، چونکە تەمەڵ بون و زۆر خۆشیان نەدەدایە کارەکان، هەروەها د. مەحمود عوسمان و عەبدولخالق زەنگەنەش بەهۆی ئەوەی ماڵەکانیان لە دیمەشق بو، ناوە ناوە لە کۆڕ و کۆبونەوەکان بەشداریان دەکرد و پەیوەندییەکانی حزبیان پێکهێنابو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوانیان و جددی نەبونیان لە کارەکاندا، نەك هەر سودێکیان بۆ حزب نەبو، بەڵکو زیانی زۆریشیان لێدا" (وەرگیراوە، حمدئەمین، 2022، 24-25).

هەروەها عەدنان موفتی بۆ ئەو مەبەستە سەردانی سوریای کردوە، لە یەکێك لە گەشتەکانیدا بۆ کاری سیاسی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە سوریا زیندانی کراوە، دوای ئازاد بونی دەستی بە چالاکی و پەیوەندییە سیاسییەکان کردوەتەوە، دەڵێت: "سوریا هاوکاری ئێمەی بە پارە و چەك نەدەکرد، بەڵام ئاسانکاری ڤیزای بۆ دەکردین و ئازاد بوین لە چالاکی سیاسی و هاتوچۆکردن، لە ڕێگای سوریا پەیوەندیمان بە جیهانی دەرەوە دەکرد" (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، 2022/11/21). دەکرێت سوریا چاودێری دانوستانەکانی حزبی سۆسیالیست و حکومەتی عێراقی کردبێت و پێیان ناخۆشبێت بۆیە عەدنان موفتی دەستگیر کردوە، دواتر ئازادی کردوە.

**- لایەنە فەلەستینی و لوبنانییەکان:** دوای دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست(حسیك) بۆ فراوانکردنی ئاستی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و هێز و لایەنەکان و گرێدانی پەیوەندییە سیاسییەکان دەستیان بە سەردان و پەیوەندیکردن کردوە، لەم ڕوەوە عەدنان موفتی6 دەڵێت: "لە ساڵی 1979 بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی سەردانی لوبنانمان کرد، چاومان بە یاسر عەرەفات و ماجد ئەبو شرارە و ئەبو جیهاد لە بەرەی فەتح کەوت، خۆمان پێناساندن وەك حزبی سۆسیالیست بۆ ئەوەی هاوکاری و پشتگیریمان بکەن، بەتایبەت لە لوبنان ئەگەر پێویست بکات، ئەوانیش لای خۆیانەوە ئامادەیی پشتگیری خۆیان نیشانداوە" (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، 2022/11/21). هەر لەبارەی ئەو پەیوەندیانەوە عادل موراد دەڵێت: "کاتێك حزبی سۆسیالیست(حسیك) لە ساڵی 1979 جیابونەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند من پەیوەندیم پێوەکردن و دوای ئەوە چومە لوبنان و پەیوەندی سیاسی باشم بۆ سۆسیالیست لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەت لوبنان دروستکرد" (وەرگیراوە لە، غەفور، 2012، 164). بۆیە دەکرێت بڵێین حزبی سۆسیالیست پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەلەستینییەکان و لوبنانییەکان هەبوە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە لە چوارچێوەی پەیوەندی سیاسی و دۆستانە و زارەکی و یەکترناسین بوە، بۆ ئەوەی هەماهەنگی سیاسی لە نێوانیاندا هەبێت.

**- لیبیا:** پەیوەندی قەزافی بە دۆزی کورد پەیوەندییەك بو لە باوەڕی قەزافی بەدۆزەکەوە سەرچاوەی گرتبو، لە کاتێکدا دروشمی کورد ئۆتۆنۆمی بو، ئەو داوای دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد دەکرد. لە بارەی هاوکاری لیبیاوە بۆ حزبی سۆسیالیست(حسیك) عەدنان موفتی دەڵێت: "لیبیا هاوکاری ئێمەی بە پارە و چەك نەکردوە، هەرچەندە ئێمە داوامان کردوە، بەڵام لەبەرئەوەی دبلۆماسیەتی لایەنەکانی تر بەهێزتر بو، بۆیەش زیاتر هاوکاری ئەوانیان دەکرد" (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، 2022/11/21).

حزبی سۆسیالیست(حسیك) هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لە نێویشیاندا لیبیا داوە، بەڵام ئەو وڵاتانە گرنگیان زۆر پێنەداون، زیاتر گرنگیان بە (ی ن ك) و (پ د ك) داوە، کە دو حزبی گەورە بون و هاوکاری ئەوانیان کردوە (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. مەحمود عوسمان7، هەولێر، 2022/10/22). بەگشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان هێندە پەیوەندی فەرمی نەبوینە، ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پلەی یەکەم و سەرکردایەتی کاتی(پ د ك) بە پلەی دوەم (حمدئەمین، 2022، 25). لەبارەی پەیوەندییەکانی حزبی سۆسیالیست(حسیك) بە وڵاتانی عەرەبی دەکرێت بڵێین پەوەندییان لەگەڵ هەندێك وڵاتی عەرەبی و لایەنی فەلەستینی هەبوە، بەڵام ئەم پەیوەندییانە بەرز و نزمیان بەخۆوە بینیوە، بە بڕوای ئێمە ئەمە بۆ

دو هۆكار دەگەڕێتەوە، یەكەم هەندێك لە سەركردەكانیان بە پێی پێویست چالاك نەبوینە لە كاری سیاسی و ململانێ لە نێوانیاندا هەبوە، وەك خۆیان دانیان پێداناوە، دوەم ئەو وڵاتانەش زیاتر گرنگیان بە ئەو حزبە كوردیانە داوە كە گەورەتر و بە هێزتربوینە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی كوردستان لە ڕوی بنكەی جەماوەری.

**تەوەری چوارەم حزبی شیوعی عێراقی:**

حزبی شیوعی لە دوای كودەتای ساڵی 1968ی بەعسییەكان، بونە هاوپەیمانێكی گرنگی بەعسییەكان تا ساڵی 1978، دوای ئەوە پەیوەندییەكانیان تێكدەچێت بەمەش لە ترسی پاكتاوكردنیان ڕو لە دەرەوەی عێراق دەكەن و دەچنە سوریا و لوبنان و وڵاتانی تر، لەبەرئەوە سوریا و لایەنە فەلەستینییەكان و لوبنان و یەمەنی دیموكراتی هاوكارییەكی زۆری حزبی شیوعی ئەكەن، بۆیە توێژەر لەسەر بەرمەبنای ئەو پەیوەندییانە، گرنگی داوە بە هەڵوێستی ئەو وڵات و لایەنانە بەرامبەر جزبی شیوعی:

**- سوریا:** لە دوای هاتنەوەی حزبی بەعس بۆ جاری دوەم بۆ سەر شانۆی دەسەڵات لە ساڵی 1968دا، هەڵمەتێكی فراوانیان دژی هێز و لایەنە سیاسییەكان دەستپێكرد، لەوانەش بۆ سەر حزبی شیوعی، بۆ ئەوەی خۆیان وەك تاكە حزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بمێننەوە، دوای نەمانی مەترسیش لە سەریان بیرۆكەی هاوپەیمانی نیشتمانی لەگەڵ بەعس لە تشرینی دوەمی 1971 هاتە گۆڕێ، بۆیە لە تەموزی 1973 لە نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعسی دەسەڵاتدار پەیمانی بەرەی نیشتمانی و پێشكەوتنخواز واژوكرا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، الخرسان، 1993، 144-145) لەبەرئەوە پەیوەندی نێوانیان بەرەو باشی ڕۆیشت، تەنانەت بەگەرمی پێشوازیانكرد لە ڕێككەوتننامەی جەزائیر (هەڵەدنی، 2020، 62-63)

دوای تێكچونی پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و حكومەتی عێراقی، پەیتا پەیتا سەركردە و كادرەكانیان رویان لە دەرەوە بەتایبەت سوریا كرد، تا لە ڕێگەی حزبی شیوعی سوری هەوڵبدەن سوریا بكەنە بنكەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ كوردستانی عێراق و لە پاڵ پارتەكانی تر شەڕی پارتیزانی بكەن، لەوبارەوە كەریم ئەحمەد (1922-2022)8 ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی ئەوكاتی حزبی شیوعی دەڵێت: "توانیم پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سوری بچەسپێنم و سەرۆك حافظ الاسد بڕیاریدا دەرگا لەڕوی شیوعییە عێراقییەكاندا بكاتەوە تا بەبێ هیچ كۆسپ و تەگەرەیەك لە سوریا دابنیشن بەڵام بەبێ پێشكەشكردنی یارمەتی دارایی" (ئەحمەد، 2007، 272-273). هەروەها سورییەكان هاوكاربون لە گواستنەوەی ئەو چەكانەی ئەدران بە شیوعییەكان لەلایەن فەلەستینییەكان، لە لوبنان ئەیانگواستەوە بۆ سوریا، لە قامیشلۆ لە مەخزەنەكانی خۆیانەوە هەڵیاندەگرت تا شیوعییەكان دەیانگواستەوە بۆ عێراق، ئەمەش كارئاسانییەكی گەورەبو بۆ ئەوان، بۆیە لە قامیشلۆوە بڕێكی زۆر چەكیان گواستەوە بۆ عێراق (ئەحمەد، 2007، 274). قامیشلو بوە ناوەندی گواستنەوەی چەك لە لوبنانەوە بۆ قامیشلو لەوێشەوە بۆ كوردستانی عێراق هەندێك جار ئەو چەكانە لە ڕێگای سنورەكانی توركیاشەوە دەگوێزرانەوە بۆ ناو كوردستانی عێراق، حزبی شیوعی سوریا لەم ڕوەوە بەشداری و هاوكارییەكی زۆری حزبی شیوعی عێراقیان كرد (الدباغ، 2009، http://www.al-nnas.com/THEKRIAT/dabakh2.htm).

**- لایەنە فەلەستینییەكان:** حزبی شیوعی عێراقی هەوڵیدا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حزبە شیوعییەكان و بزوتنەوە و ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی وڵاتانی عەرەب پتەوبكەن، لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێكخراوەكانی فەلەستینی بەهێزكرد، بەتایبەت بەرەی دیموكراتی بۆ ڕزگاری فەلەستین و بەرەی میللی بۆ ڕزگاركردنی فەلەستین، لەم نێوەندەدا بەرەی دیموكراتی بۆ ڕزگاركردنی فەلەستین یارمەتی زۆریان پێشكەش كردون، لە سوریا و لوبنان مەشقیان بە ئەندامەكانیان كردوە و چەكداریان كردون (ئەحمەد، 2007، 272). هەروەها ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیش بە سەرۆكایەتی یاسر عەرەفات، هاوكارییەكی زۆری حزبی شیوعیان كرد، لە یارمەتیدانی پەنابەرەكانیان، چ بە پارە و چەک بێت، یان دابینكردنی شوێنی حەوانەوە و كردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر جۆرەها چەک (خيلاني، 2009، 250-251). ئەو ڕێكخراوە فەلەستینیانە لە ماوەی چەند مانگێكدا 12 تەن چەك و تەقەمەنی جۆراوجۆری وەك تفەنگی كلاشینكۆف و دۆشكەی جۆری عفارۆڤ و 60 چەكی قەناسی كۆن لەگەڵ ژمارەیەك تۆپی هاوەن لە جۆری جیاواز و سندوقی تەقەمەنی و بۆمبی تۆپ، بە شێوەیەكی نهێنی بە حزبی شیوعیان داوە (الدباغ، 2009، http://www.al-nnas.com/THEKRIAT/dabakh2.htm).

حکومەتی عێراق و هەڵاتنی سەرکردە و کادرەکانیان لە عێراق، فەخری کەریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع)، بوەتە بەرپرسی حزبی شـــیوعی لە لوبنان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی لوبنان بەهێزکرد، کاتێك ئیسرائیل هێرشی کردەسەر بەیروت لە ساڵی 1978، هاوڕێیانی حزبی شیوعی، کە لە بەیروت لە لایەن فەلەستینییەکانەوە مەشــقیان پێدەکرا، هەڵوێســتێکی قارەمانەیان نواند و لە ڕێزی پێشــەوەی ئەوانەبون بەرگریان لە بەیروت کرد، هەروەها فەخری کەریم پەیوەنـدییەکی بەهێزی لەگەڵ یەمەنی دیموکراتی(بـاشـــوری یەمەن) دروســـتکرد، ژمـارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانیان بۆ مەشـــق و ڕاهێنان و خوێن دەرچونی ئەفســـەران بۆ ســـەرکردایەتی تیپەکانی پارتیزانی ناردوەتە یەمەن (ئەحمەد، 2007، 273-274). بە بڕوای ئێمە هەمو ئەو لایەنانەی هاوکاری حزبی شـیوعیان کردوە، زۆرینەی چەپەکانی ئەو وڵاتانە بوینە، بۆیە دەکرێت بڵێین هاوکاری ئەو لایەنانە بەهۆی نزیکایەتییان لە ڕوی ئایدۆلۆژییەوە بوە، نەك لەبەر کوردەکانی نێو حزبی شـیوعییەوە بوبێت. بەڵام هاوکارییەکان بۆ حزبی شـیوعی بەگشـتی کوردانی نێو حزبەکە گرنگ بو، چونکە دواجار ئەوانیش سەنگەرەکانیان لە کوردستان دانا و ئەوێیان کردە مەیدانی چالاکیەکانیان.

**ئەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامانە گەیشتوە:

1- هەڵوێســـتی وڵات و لایەنە عەرەبیەکان بەرامبەر کورد، هۆکاری جیاوازی لە پشـــتەوە بوە، بۆ نمونە: ســـوریا بە هۆی کێشـەکانیەوە بوە لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی عێراق. بەڵام ئەوەی لیبیا لە باوەڕبونی قەزافیەوە بۆ پرسی کورد سـەرچاوەی گرتبو، لایەنە فەلەستینیەکانیش بە هۆی نزیکی بیروباوەڕی سیاسیان بوە کە چەپڕەو بونە.

2- ئەو وڵاتانەی لەم قۆناغەدا پشتگیری و هاوکاری کوردیان کرد، سـوریا و لیبیا و چەند لایەنێکی فەلەسـتینی بون، سـوریا لەم قۆناغەدا بوە ناوەند و چەقی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بە کوردیشەوە، دژی حکومەتی بەعسی عێراق.

3- ســـەبارەت بە لوبنان لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ســـیاسی کورد لە دوای ســـوریا ڕویان لە لوبنـان کردوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لوبنـان هەم جۆرە ئـازادییەك هەبو، هەمیش وڵاتێکی نـائـارام و بێســەروبەربو، جگەلەوەش فەلەسـتینییەکانی لێبون کە دۆسـتی کوردبون و هاوکارییان ئەکردن سـەرەڕای هەندێك حزبی لوبنانی دۆستی حزب و لایەنەکانی کورد بون.

4- پشـــتگیری و هاوکاری ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە ڕەوایەتی دان و جۆرێك لە دانپێدانان بو، بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی لە دژی حکومەتی عێراق.

5- پەیوەندی (ی ن ك) بە ســـوریا و لیبیا باشـــتر و بەهێزتر بو، بەراورد بە حزبە کوردســـتانییەکانی تر، هەروەها پەیوەندی تاڵەبانی ســـکرتێری (ی ن ك) بە ســـەرۆکی هەردو وڵات پەیوەندییەکی پتەو بو، هۆکارەکەی بۆ لێهاتویی کەســـایەتی تاڵەبانی گەڕاوەتەوە، کە کەسایەتیەکی سیاسی زۆر چالاك بوە، پەیوەندییەکانیشی زۆر فراوان بون.

6- قەزافی پشـــتگیری دۆزی کوردی کردوە، دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی بە مـافێکی ڕەوای کورد زانیوە، ئەمە وەرچەرخانێك بو لە مێژوی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، چونکە یەکەم جارە ســـەرۆکی وڵاتێکی عەرەبی داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بکات.

7- هاوکاری و یارمەتییە سەربازییەکانی لیبیا بۆ کورد پاڵپشتییەکی گەورە بو، بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەنگێکی نوێ و مۆراڵێکی گەورەی بە شۆڕشی کورد لەم قۆناغەدا بەخشی.

8- ئەگەر هاوکاری هەریەك لە سـوریا و لیبیا نەبوایە، بەتایبەت بۆ (ی ن ك) ئەوا کورد نەیدەتوانی بەو شـێوەیە هەسـتێتەوە، جارێکی تر شۆڕش لە قۆناغێکی پڕ لە نائومێدی و دژوار لە کوردستانی عێراق دەست پێبکاتەوە.

## پەراوێز:

1- پەیوەندی جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی ن ك) بە ئەسەد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1970 ئەوکاتەی ئەسەد سەرۆك وەزیرانی سوریا بوە، ئەو پەیوەندییە بەردەوام بوە بۆ ماوەی سی ساڵ لەو ماوەیەدا دەیان جار چاویان بە یەکتر کەوتوە (أوسي، 2008، 86).

2- دەســتەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لە 17ی کانونی یەکەمی 1975دا لە دیمەشــق ئەنجامدا، هێڵە بنەڕەتییەکان و چالاکییەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق دیاریکران و بزوتنەوەی چەکداری دەســتی پێکردەوە، ناوەندێکی مەشق و ڕاهێنان دامەزرا، فەلەستینییەکان سەرپەرشتی مەشق و ڕاهێنانەکانیان دەکرد، جەلال تاڵەبانی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین (الجبهة الشعبية لتحرير الفلسطين) هەبو، کاتێك لە بەیروت نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردســتان بو، چەند وتارێکی بۆ ڕۆژنامەی (الهدف)ی فەلەستینی نوسیبو (سالم، 2019، 185).

3- ئەم بەرەیە لە دەوڵەتانی میسر و سوریا و ئەردەن پێکهاتبو بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ئیسرائیل لە ناوچەکە.

4- ئەو تێزە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا لەلایەن عەقید موعەمەر قەزافییەوە پێشکەش کرا، قەزافی دیدگای خۆی بۆ پرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، لە کتێبێك بەناوی (کتێبی ســەوز) ڕونکردوەتەوە، کە دەوڵەتی جەماهیری عەرەبی لیبیای لەســەر بنیاتنرا. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، القذافي، 1997، ص ص 7-122).

5- لە دوای دامەزراندنی (ی ن ك) جەلال تاڵەبانی داوا لە بەشێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست دەکات بێن لە ناو ڕیزەکانی نیمچە بەرەیی (ی ن ك) درێژە بە خەبات بدەن، بۆیە بە دەنگی زۆرینە ڕازی دەبن، هەروەها سەبارەت بە لیژنەی ئامادەکاری بە هۆی نزیکی بیروڕایان لە (ی ن ك)، زۆرجار بەشــدارییان لە کۆبونەوەکانی یەکێتی پێدەکردن و ڕایان وەردەگیرا، بەڵام لە ئاداری 1979 کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیست بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار لە سەروبانەوە جیاوازی بیروبۆچون، لە نیمچە بەرەی (ی ن ك) هاتنە دەرەوە، بە دوای ئەوە لیژنەی ئامادەکاری چونە پاڵیان و لە 8ی ئابی 1979 بە فەرمی بزوتنەوەی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان(حسیك) ڕاگەیاند ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، تەنیا، 2019، 11-80 ).

6- عەدنان موفتی: لە ساڵی 1949 لە هەولێر لە دایکبوە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردوە، پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر و دامەزراندنی (ی ن ك) دەچێتە ڕیزی ئەو حزبە، لە ســاڵی 1979 یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ساڵی 1995 جارێکی تر دەچێتەوە ناو ڕیزەکانی (ی ن ك) (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، 2022/11/21).

7-دکتۆر مەحمود عوسمان: لە ساڵی 1938 لە شارۆچکەی پێنجوین سەر بە سلێمانی لە دایك بوە، لە ساڵی 1963 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات، لە ساڵی 1969 سەرۆکی وەفدی شۆڕشی ئەیلول بوە لە گفتوگۆی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، لە ساڵی 1979 لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی حزبی ســۆســیالیســت دادەمەزرێنن، لە ژیانی خۆیدا گەلێك پۆســتی گرنگی حزبی و حکومی وەرگرتوە (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/10/22).

8-کەریم ئەحمەد داود: لە ساڵی 1922 لە هەولێر لە دایك بوە، لە ساڵی 1945 پەیوەندی بە حزبی (حشع) کردوە، لە ساڵی 1953-1954 سکرتێری حزب بوە، لە ساڵی 1996-2003 سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان بو، لە ساڵی 2022 کۆچی دوایی کردوە (هەڵەدنی، 2020، 32).

## لیستی سەرچاوەکان:

FCO 51/191, Research middle east, The Kurdish Problem in Iraq 1963-1971, London, 1971.-1
2-FCO 8/2784, Political relations between Iraq with other Arab states, 6 May 1976.
یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
رسول، ئومید یاسین(2015)، ظاهرة الاغتيالات السياسية لزعماء الكرد 1930-1992، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب-جامعة المنصورة، منصورة.
سالم، حيدر سمير(2019)، الاوضاع السياسية لكرد العراق في عهد الرئيس احمد حسن البكر 1968-1979، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب، جامعة البصرة، بصرة.
ڕەشید، سەلاح(2019)، مام جەلال-دیداری تەمەن-لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب2، چ4، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
شێخموس، عومەر(2019)، کوردایەتی و ئایندەخوازی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
شەریف، عبدالستار تاهیر(2007)، ململانێ لەگەڵ ژیاندا، بەرگی دوەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك.

کوێستانی، هەڤاڵ(2020)، ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بو، چ5، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
ئەحمەد، کەریم(2007)، رێرەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی.
ئەحمەد، نەوزاد عەلی (2018)، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخموس، چ2، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا(1997)، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ، بەرلین.

باني خيلاني، احمد(2009)، مذكراتي، دار الرواد المزدهرة للطباعة والنشر والاعلان، بغداد.
ياسين، باقر(2001)، قول ما لا يقال عن المعارضة العراقية، دار الكنوز الادبية، بيروت.
کتێب:

بارزانی، مسعود(2021)، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد 1975-1990، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی رۆکسانا، ب ش.
بارزانی، مەســـعود(2004)، بارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی3، بەشی2، 1961 – 1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
بینگیۆ، ئۆفرا(2013)، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، وەرگێڕانی: سۆران مستەفا کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
تەنیا، ئیسماعیل(2019)، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
تەیب، جەمال فەتحوڵلا(2012)، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشـــوری کوردســـتان (1975/3/21-1980/11/28)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
جەلال، برایم(2012)، چەپکێك لە مێژوی کۆمەڵە، چاپی2، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
حاجی، شۆرش(2018)، ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار ناسیۆنالیزمی کوردی وحیزبی بەعس ڕوداوەکانی 1963-2003، چاپ و پخش ماد، تاران.
حەمەد، دلێر ئەحمەد(2019)، مێژوی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشوری کوردستان 1975-1991، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
شۆڕش، سامی(2002)، عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
عبدالخالق، مسعود(2014)، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان، چاپی2، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان(2002)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان 1975-1976، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.
فەیاز، مەعد (2009)، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، و: سۆران عەلی، ب.چ، کەرکوك.
کۆچیرا، کریس(2013)، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێڕانی: حەسەن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
کەریم، حیکمەت محەمەد (مەلا بەختیار)(1993)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
کەریم، عارف(2009)، کۆمەڵە و یەکێتی، چاپخانەی ڕەنج، ستۆکهۆلم.
مارکوس، ئەلیزا(2014)، مێژوی پەکەکە جەنگی پەکەکە و کورد لە پێناو سەربەخۆیی دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
محەمەدئەمین، فاروق محەمەد(2014)، ســیاســەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشــوری کوردســتان(1975-1989) چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی.
مێرگەسۆری، محەمەد(2013)، تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
نێروەیی، عەلی تەتەر(2008)، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردســتانی عێراق لە ســالەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (1980-1988)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
وێڵەدەری محمود کەریم رضا(2017)، مێژوی کورد و کوردستان، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
ئیسماعیل، سەلام حەوێز(2011)، کوردستانی باشور لە شۆڕشی چەکدارییەوە بۆ ڕاپەڕینی ئازاری نەوەدو یەك، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.
هەڵەدنی، ژیلوان عبداللە(2020)، حیزبی شــیوعی عێراق و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشــوری کوردســتان دا (1975-1991)، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
ئینتیسار، نادر(2004)، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
احمد، صابر علی(1992)، القذافي والقضية الكردية، دار الملتقى للنشر، د.م.
أوسي، سالار(2008)، جلال طالباني أحداث ومواقف، ط2، دار الينابيع، دمشق.
خالد، خالد يونس(2005)، الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر، ط2، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية.
الخرسان، صلاح(1993)، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، دار الفارابي، بيروت.

الخرسان، صلاح(2001)، التيارات السياسية في كردستان العراق 1946-2001، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
سنجاري، علي(2007)، أوراق من أرشيف كوردستان، مطبعة خاني، دهوك.
شورش، سامي(2001)، كردستان والاكراد-الحركة القومية والزعامة السياسية. ادريس بارزاني.... نموذجا، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
طالباني، مكرم(2009)، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، ج1، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليماني.
عونى، درية(1993)، عرب واكراد خصام ام وئام، دار الهلال، القاهرة.
عيسى، حامد محمود(1992)، المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط، مكتبة مدبولى، القاهرة.
القذافي، معمر(1997)، الكتاب الاخضر، ط23، مشورات المركز العلمي لدراسات وأبحاث، طرابلس.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/10/22.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، 2022/11/21.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عومەر شێخ موس، لەڕێگای سکایپ، 2023/11/5.
بەختیار، مەلا(2022)، کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمەریکی کوردستان، دهۆك، Rudaw.tv، 2022/11/17.
الدباغ، جلال(2009)، لمحات من ذكريات النضال، http://www.al-nnas.com/THEKRIAT/dabakh2.htm،سەردان 1/11/2023
حمدئەمین، ئەحمەد(2022)، سیاسەتی سوریا بەرانبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا 1976-1988، گۆڤاری دیوان، ژمارە 17، تشرینی یەکەمی 2022.
غەفور، خەلەف(2012)، عادل موراد لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانەوە بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند (چاوپێکەوتن)، گۆڤاری کەلتور، ژ. 6.
فوئاد، کەمال(2000)، سەرەتاکانی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ. 19.
فەوزی، حوسێن(2011)، د. فوئاد مەعسوم لە بیرەوەرییەکانیدا: یەکێتی و دانوستان و سەروەرییەکان (چاوپێکەوتن)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: دلاوەر عوسمان، گۆڤاری کەلتور، ژ. 4.
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1298، 1996/6/2.
ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە 2889، 1999/7/29.
ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە 2373، 2007/1/9.
ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە 28، 2011/10/2.
جريدة النهار(اللبنانية)، العدد (ژمارەکەی ناخوێندرێتەوە)، 1976/5/18.
جريدة الدستور(الاردنية)، العدد، 3164، 1976/5/19.
جريدة الشعب(الاردنية)، العدد، 88، 1976/5/19.
جريدة الانوار(اللبنانية)، العدد5571، 1976/5/20
جريدة شيحان(الاردنية)، العدد 555، 1995/6/10.